ژماره 21 ی تشرینی دووەم 2

مستەفاپاشاییامولکی
یەکەم وەزیری
پەروەردە (مەعاریف)
لە مێژووی کوردا



# یادنامە
YADNAMA

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ

No.21, November 2020




**وێنەی کۆمەڵێک چەکداری یەپەژە لەسەر دیوارێکی ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج و گوتەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەسەری تووڕەیی تورکیا بەدوای**






## بەڕاستی نیشتیمان هی هەمووومان بوو...



## عوسمان عومەر: شێخ مەحمودی نەمرو شیعر

## سۆپەر پاوەر یان لوبی دیموکراسی.

لە دوای کەوتنی ترامپ و هێرشی ترامپیزمەکان ئێتر کۆی سیستەمی نوێی جیهان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە ، لەوەش قورستر جانتای کۆنترۆڵی ئەتۆمی لای ترامپ بێ ، ئێتر دنیایەک پرسیاری فکری کۆمەڵایەتی سیاسی دروست دەبێ ، کە ئاخۆ ئەم لوبەی دیموکراسی دەشێ توشی نەخۆشیەکی وا ببێ ، دەشێ سۆپەرپاوەری دنیا ئەم خەجاڵەتیە بکێشێ ، یاخود کاتێک دنیا نمونەی ئەمریکا دەکەن بە مۆدێل ئەی دوای ئەم ڕوداوە چی..؟؟؟
جیهان لە زۆرێکدا هیلاکە بە دەست جۆر و مۆدێلی حکومڕانیەوە کە مۆدێلەکان ناتوانن سیستەمێک بەرهەمبهێنن تەندروست بێ ، بە پێچەوانەوە جۆرە مۆدێلێک دروست بوە ، گوایا گونجاندنی دیوکراسیە بە پێی سروشتی کۆمەڵگا یان جۆرە مۆدێلێک دروست بوە هیچ بنەمایەکی زانستی حکومداری تیا نیە ، وەک مۆدێلی خلیجی ، یان تورکی یان فارسی یان سعودی ، بە هەمو دیوەکاندا سۆپەرپاوەر بەرپرسی یەکەمە لە کۆی سیستەمی مۆدێلی بەڕێوەبردن لە دنیادا ، وا ئێستا بە هۆی ترامپیزمەوە خۆی کەوتوەتە ژێر پرسیارەوە.




وێنەی کۆمەڵێک چەکداری یەپەژە لەسەر دیوارێکی ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج و گوتەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەسەری تووڕەیی تورکیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

ئامانجی وێنەکە پیشاندانی "بەهێزیی ئافرەت"ـە کە لەلایەن گەلاوێژ وەلیدخانی، هونەرمەندێکی ڕۆژئاوای کوردستانەوە کێشراوە.

گەلاوێژ لەسەر وێنەکە گوتەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری بەندکراوی پەکەکەی نووسیوە: "کۆمەڵگە بەبێ ئازادیی ئافرەتەکانی هەرگیز ناتوانێت ئازاد ببێت."

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕاگەیێندراوێکدا سەرکۆنەی وێنەکە دەکات و دەڵێت: "وێنەکە وەکو پڕوپاگەندەیە بۆ ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانی پەکەکە، یەپەگە و یەپەژە و، بە سپۆنسەری شارەوانیی ئۆسلۆ لە شوێنێکی گشتی هەڵواسراوە." هەروەها داواش دەکات وێنەکە لاببرێت و دەڵێت: "دەبێت ئەم پڕوپاگەندە تیرۆرستییانە دەستبەجێ رابگیرێن."

ئیڤۆر ئیڤێنرود، سەرۆکی کاروباری کولت

## مستەفاپاشاییامولکی......



یەکەم وەزیری پەروەردە (مەعاریف) لە مێژووی کوردا

ئەو کەسەی کە بە غیابی حوکمی لە سێدارەدانی دەرکرد بۆ( مستەفا کەمال) ئەتاتورک ..

ئەو کەسەی کە دژی ئیتیحادی و تەرەقێکان بووە

ئەو کەسەی کە زاوای سەعید پاشای خەندانە واتە مێردی خوشکی شەریف پاشایە
مستەفا پاشای یامولکی
ناوی مستەفای کوڕی مەلا عەزیزە
لە ساڵی  1866 لە سلێمانی لەدایک بووە.
لە سلێمانی و بەغداد و ئەستەنبوڵ خوێندنی تەواو کردووە
ساڵی 1888 کۆلێجی حەربی لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووە
چەندین پۆستی وەرگرتوە لە دەوڵەتی عوسمانی وەک قونسوڵ و سەرۆک ئەرکانی سوپا  هەر لە بێرووت و سەڵماس و خوی و سنە و سلێمانی و لاجان و بەغداد و حیجازو بەلقان
ئەرکی بینیوە
ساڵی 1920 کرا بە سەرۆکی دادگا لە ئەستەنبوڵ  بە غیابی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ ئەتاتورک و سەرانی ئیتیحادی تەرەقی  و ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا  جەمال پاشا دەرکرد
ساڵی 1921 گەڕایەوە سلێمانی و ڕۆژنامەی بانگی کورستان دەرکرد
کاتێک کە شێخ مەحموودی حەفید لە دوای مانگی ئەیلوولی 1922دا گەڕایەوە سلێمانی و بووە پاشای کوردستان
، لە 10ـ10ـ1922دا کابینەی دووەمی فەرمانڕەواکەی دامەزراند
مستەفا پاشای کردە وەزیری مەعاریف واتە پەروەردەی ئێستا و ئە ویش خزمەتێکی زۆری خوێندەواریی کرد لە کوردستان و گەلێک قوتابخانەی تازەی کردەوە.

# سۆپەرپاوەر و کۆمارەکانی مۆز.



سەرکەوتی جیهاز و بەختیار شارەزوری

نەزمی نوێ ی جیهان و سیستەمی بەڕێوەبردنی جیهان گەیشتوەتە شوێنێک کە چی تر دەبێت لە بری ئەوەی بەردەوامی بدات بە کۆنترۆڵکردنی دنیا دەبێت بیر لە کۆنترۆڵ کردنی خۆی بکاتەوە ، لە بری ێەوەی قسە بۆ جیهان بکات دەبێت قسە بۆ خۆی بکات ، لە بری ئەوەی کار لەسەر بنەما بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ بون بکاتەوە دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە ناکرێت مرۆڤایەتی بخاتە خزمەت بەرژەوەندی خۆیەوە ، ئەوەی ناو دەبرێت بە دیموکراتی و لیبڕالی هیچ کات بەقەد ێێستا لە ژێر پرسیاردا نەبوە ، با بپرسین چۆن ..؟؟؟

خۆ ێەگەر لەمسەری دنیا بۆ ئەو سەری دنیا ئەگەر مرۆڤێک چەوسابێتەوە ئەوا چاوی لەوە بوە لە ژێر بیری لیبڕالیەت و دیموکراتیدا هاوار بۆ مافەکانی خۆی بکات یان شۆڕشێک لە ژێر ئەم ناوەدا بەرپا بکەن ، وەک دەبینین لە دنیادا زۆربەی حیزبەکان پاشکۆی دیموکرات یان لیبڕاڵیان هەڵگرتوە ، بەڵام ئایا ێەم سیستەمە و ئەم نەزمی نوێی جیهانە توانی هەقیقەتی خۆی لە ڕێگەی کاري ئەکتەری سیاسی و پرۆسەی دیموکراتی و شۆڕشەکانی دیموکراتیەوە بگەیەنێتە ئەنجام ، لەم چوارچێوەیەدا ئەوەی دەبێتە سەنتەری سەرمایەداری و نەزمی نوێی جیهان و سۆپەرپاوەری پارێزگاری لە بنەماکانی دیموکراتی و ئەو وڵاتانەی دیموکراتیان تێدایەێەمریکایە،واتائەمێەمریکایەدەبێتلەپەنایبەرژەوەندیەکانیخۆیدا بەرگری تەواو لە نەزمی نوێی جیهان بکات و لە ناوخۆی خۆشیدا نمونەیەک بۆ جیهان پێشکەس بکات کە ببێتە مۆدێل بۆ بەڕیوەبردنی وڵاتانی تری جیهان ، بەڵام ئایا ئەمریکا ئەمەی پێ وتین ..؟؟؟

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ لە ئەمریکا تەنها شورەیی نیە بۆ ترامپ بەڵکو کۆی سیستەمی بەڕیوەبردنی جیهان و سەرمایەداری و دیموکراسی دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، ئەگەر چی ئم کودەتایە بێ بیری نوێ و بێ پرەنسیپی فکری بوە و سەری نەگرت و لە مێژویئەمریکادا هەندێ حاڵەتی لەم شێوە دروست بوە ، بەڵام لە گشتدا پرسیارگەلێک دروست دەکات کە بڵێین لە ناو سۆپەر پاوێ و ئەمریکادا ێەم ڕوداوانە بۆ ..؟؟

ترامپ ئەگەر چی کاری لەسەر دێواندن کرد و بنەمای جیاوازی ئەوەی دی لەیەک بازنەدا نەهێشت و جیاوازی و فرە دەنگی و فرەڕەنگی خستە ژێر پرسیارەوە ڕۆحی ململانێ و دەستاو دەستکردنی دەستەڵاتی لە بنەمایەکی مەدەنیەوە خستە دەست بنەما هێزییەکان و یاساکان ، بە مانایەکی تر بە شەیتانکردنی ئەوەی دی هێنایە سەر ستەیجی جیهان لە بری قبوڵکردنی بردنەوە و دۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا ، ئالێرەوە کۆمەڵگەی ئەمریکی بەدەر لە سۆپەرپاوەر و هێزی یاساکان کۆمەڵگایەکی زیندوە ناهێڵێت لادانەکان سنوری بنەما فکریەکان ببڕێت و وە بینیمان ترامپیزم و ئەوانەی ئەو ڕوداوەیان دروست کرد چییان بەسەر هات .

ئەگەر چی ئێستەی سۆپەر پاوەر وەک کۆمارەکانی مۆز ناوزەند دەکرێت ، ئەگەر بگەڕێینەوە پێشتریش ئەم سۆپەر پاوەرە بەهۆی کۆمەڵک دەرهاویشتەوە دیسان وەک هێزی بەڕێوەبردنی بەشێکی دنیا دەکرێت ناوزەند بکرێتەوە بە کۆمارەکانی مۆز ، ێەم حالەتەش لە بەریەککەوتنی لەگەڵ چین و شەڕی بایۆلۆجی دەردەکەوێت ، کە سیستەمی دیموکراسی و سۆپەرپاوەر پێش ڕودانی ترامپیەکان کەوتوەتە ژێر پرسیارەوە قوڵتر لەم ڕوداوەی ترامپیە پۆپۆلیستەکان ، بەوەی کۆرۆنا وەک زیاتری کەڵەکە بونی سەرمایەداری و قازانجی زیاتری کۆمپانیاکان دەبینرێت ، ئەگەر چی جموجوڵ و مامەڵەی دنیای خاو کردەوە م بەڵام لە پشتی پەردەوە سیناریۆکان ئاوا بوو ، بەوەی تەمەنە پیرەکانی دوای خانەنشین لە ناو دەبات تا ئەو مافەی کە کاریان کردوە بە درێژایی تەمەنی گەنجێتی نەخۆن و کەڵەکەبونی سەرمایە زیاتر بێت ، ئەمە و ئەوەی ترامپ و بەریەککەوتنی لە چین دوو پرسیارگەلن کە ێەمریکا و ناوهێنانی بە لیدەری دیموکراتی وپرۆسەی بەڕێوەبردنی دنیا بکەوێتە ژێر پرسیارەوە ئەگەر چی تا ئێستا هێزی بەرگری لە دەستاودەست کردن و هێزی یاساکان ناو ئەمریکا بەهێزترە لە لادانەکان ، بەڵام کە گەیشتە ئەوەی بە کۆمارەکانی مۆز ناوزەند بکرێت ئەوا دەبێت چاوەڕێی سەرەتای کەوتنی ئەم سیستەمەی نوێیەی جیهان و لاواز بونی سۆپەر پاوەر بکەین .

کۆماری مۆز : بە کۆمارەکانی ئیندۆراس ئەوترێت کە کۆمەڵیک لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا هەمو وڵات دەفرۆشن بەتایبەت مۆز ، کە بوە بە ناونانێک بۆ ئەوانەی نیشتمانی خۆیان دەفرۆشن



# یەكەم ژمارەی "بانگی حەق"

## سدیق ساڵح



بانگی حەق، سێیەم ڕۆژنامەی دەورانی حوكمی شێخ مەحموودی حەفیدە. ساڵانێك لەمەوبەر تەنیا دوو ژمارەی -گوایە- (1، 3)ی لە ڕێی ڕەحمەتی دكتۆر كەماڵفوئادەوە دۆزرانەوە و دووجار بڵاوكرانەوە. پاشتر دكتۆر نەجات عەبدوڵا دەستخەتی ژمارەیەكیدیكەی لە ئەرشیفی بریتانیا دۆزییەوە و ساغیكردەوە كە: ئەوە ژمارەی یەكەمە و 8ی مارتی 1339-1923 دەرچووە. بۆیە ئەو نوسخە چاپییە، كە ژمارە 1 ی لێدراوە و 1923/3/28 دەرچووە، ڕاست دووەم ژمارەیە و بەو پێیە دوایینژمارە 3ی سەرخراوە. بیری بۆ ئەوەیش چووە، كە دەبێ ئەو دەستخەتە بە هەمان شێوە نوسخەی چاپیشی هەبووبێ.

پاشماوەی دەستخەت و بەڵگەنامەكانی پارێزراوی لای خوالێخۆشبوو محەمەد ڕەسووڵ هاوار، وێنەیەكی چاپیی یەكەم ژمارەی ڕاستەقینەی "بانگی حەق"ی تێدایە كە لە خوارەوە دەق و وێنەكەی خراونەتە بەرچاو؛ هەم ژمارە 1ی ڕۆژی 8ی مارتی 1339ی لەسەرە و هەم -پاش بەراوردكردن دەركەوت- تایپكراوی نوسخەی دەستخەتەكەیە. بەم شێوەیە ڕووندەبێتەوە، كە ئەمە ژمارەی یەكەمە و ئەوەی 28ی مارتی 1339یش، دووەم ژمارەیە و ئەو هەڵەیە لە ژمارەی دوایی‌دا ڕاستكراوەتەوە و دوایین ژمارە كراوە بە 3. كۆپیی ئەم وێنەیەی ژمارە 1 لێرەولەوێ لێی پەڕیوە و لە وێنەگرتنەوەدا دەرنەچووە، لەبەرئەوە ئەو كەموكوورییانەی دەقەكە لە بەر نوسخە دەستخەتەكەدا چارەسەركران و بەشە زیادكراوەكان خرانە ناو جووت تەلبەند ]-[و بابەتە كوردییەكەیش سەرلەنوێ هێنرایە سەر شێوەنووسینی ئێستەی كوردی و دەقی بابەتە توركییەكەیش بە ئیملای زوو نووسرایەوە. جگە لەوە، لە یەكەم لاپەڕەدا، چونكە دەستخەت بووە، ناوی "بانگی حەق"ی سەرنەخراوە. نوسخە دەستنووسەكە -وەك دیارە- ناوی ڕۆژنامەكەی لەسەرە، بەڵام لە خراپ وێنەگرتنەوەدا دەرنەچووە و پەڕیوە.

شایانی باسە، بانگی حەق هەرسێ ژمارەكەی بە پاشكۆكەیەوە، لە ئەشكەوتی جاسەنەی ناوچەی سوورداش دەرچووە، كاتێك شێخ مەحموودی حەفید ناچاربوو لە سەرەتای مارتی 1923دا، پاش تاوسەندنی كێشەكانی لەگەڵ كاربەدەستانی ئینگلیز و هەڕەشەی بۆردومانی ناو سلێمانی، بە خۆی و زۆری هێزەكانیەوە شار چۆڵبكا و ڕووبكاتە ئەو ناوچەیە. چاپخانەكەی شاروانیشی لەگەڵ خۆی برد و لەوێ هەم ئەم ڕۆژنامەیە و -هیچیش دوورنییە- بەیاننامەیتری بە ناوی جووڵانەوەكەوە پێ لەچاپدابێ. كە پاش نزیكەی دوو مانگ ئەو ناوەی چۆڵكردەوە، چاپخانەكە لەوێ بەجێهێڵرابوو. پاشتر كە هێزەكانی ئینگلیز گەڕانەوە و ئەندمۆندز ئەوێی بەسەركردەوە، لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ سلێمانی و تاقە ژمارەیەكی ڕۆژنامەی "بانگی كوردستان"ی پێدەركرا (ژمارە 14، 1923/6/8).



ئەم جەریدەیە لە قرارگاه عمومی كوردستان
عایدە والی استحصال حقوق كوردستانە
(واللە خیرالناصرین)





ئەم جەریدەیە لە قەرارگاهی عموومیی کوردستان طەبعەدەکرێ
## غایە و ئەمەلی ئیستیحصالی حقووقی کوردستانە بەیاننامەی باشقوماندانی ئۆردووی کوردستان

(واللە خیر الناصرین)

پێنج مانگ لەمەوپێش بە ناوی عموومی کوردستانی جنووبی بۆ تەشکیلی حکوومەتێکی کورد، حکوومەتی ئینگلتەرە لەسەر هەیەجان و فەعالییەتی عەشائیر مەجبوورییەتێکی حیس‌کرد، لە سولەیمانی دەست‌کرا بە تەشەبوثات و تەشکیلاتی حکوومەتی کوردستان. لەگەڵ موشاویرین و مەئموورینی ئینگلیزدا دوورودرێژ کەوتینە موذاکەرەوە. لەبەرئەوەی کە هەیەجان و قیامی عەشائیر بە تەشکیلی حکوومەتی سولەیمانی موبەددەلی سکوون و ئاسایش بوو، ئینگلیز دەستی کرد بە بەهانەگرتن. لە وەعد و میثاقی خۆی نکوولیی کرد، گەلێ موشکیلات و ئیفساداتی هێنایە مەیدان. لاکین ئێمە لە حوسنی نییەت لامان نەدا. لەبەرئەوەی کە بە شکڵێکی موستەحسەن ئیستیقلال و سەربەخۆیی کورد ئیستیحصال بکرێ. لە ئەثنای موذاکەرەدا موقابیلی موطالەبات و بیانووی ئینگلیز گەلێ مەتانەت و فیداکاریمان ئیبرازکرد. لاکین مەعەلئەسەف حوسنی نییەت و فیداکاریی ئێمە هیچ نەتیجەبەخش نەبوو. نیهایەت بەبێ وەسیلە، بەبێ ئیجاب، بە طەیارە ئەهلی شاری سولەیمانیی تەهدیدکرد. تەشکیلاتی میللییەی ئێمەی بە بەیاننامەی خۆی ڕەسمەن ئیخلال‌کرد. بۆ ئیفساد و ئیخلال گەلێ سەعی و کۆششی کرد. فەقەط قەومی نەجیبی کورد کە بە ڕەئی و تەنسیبی خۆیان منیان بە (ڕەئیس و مەلیک) ئینتیخاب و قبووڵ کردبوو، بەم ئیفسادات و ئیختیلالاتە ئیغفال‌نەبوون. بۆ دەرچوونی من لە سولەیمانی ئینگلیز ئەهالییان بە طەیارە تەهدیدکرد. ئەشراف و ئەهالیی مەملەکەت دەرچوونی ئێمەیان مووافیق و جائیز بینی. موددەتێک لەسەر ماکینەی تەلغرافخانە ئیستیرحامی بەقای منیان کرد. وە لەژێر ڕیاسەتی شێخ قادر ئەفەندی هەیئەتێک چوو بۆ کەرکووک. لاکین ئینگلیز بە بەهانە بوو، هیچ گوێی نەدایە ئەم ئیستیرحامات و مودافەعاتە. ئەو ڕۆژە کە هەیئەتمان گەیشتە کەرکووک، مەعەلئەسەف بۆ دەرچوونی من و تێکدانی ئیدارەی میللییەی کوردستان، ئینگلیز ئیصراری‌کرد، بە طەیارە هاتنە سەر شاری سولەیمانی، بە بۆمبای نیهایەت سیستەم مەملەکەتیان بۆمبۆردومان‌کرد. بەم بۆمبۆردومانە گەلێ خانوو خەراب بوو، بەعضێ کەس ]ماڵوێران بوو، گەلێ منداڵ و عیال بێ‌دەستەڵات تەلەف‌بوون. ئەم وەحشەتە؛ ئەم تەجاوزە کە بۆ ئەم ئەهالییە بێ‌گوناهە .. ئەڵبەت بێ‌جەزا نامێنێ. عالەمی مەدەنییەت و ئینسانییەت .. ئەمە[ دەپرسێ، "غیرت اللە" دێتە غەلەیان.

ئەم وەحشەتە، ئەم ظوڵم و ئیعتیسافە، حەقیقەتەن مەربووطییەت و صەداقەتی ئەشراف و ئەهالیی تەئییدکرد. لاکین من ئیستراحەت و سەلامەتیی مەملەکەتم تەرجیح‌کرد. لەبەرئەوەی کە ئینگلیز ڕەفعی بۆمبۆردومانی ئەهالیی بێ‌گوناه بکا، لە میانەی فوغان و ویداعی ئەشراف و ئەهالیی مەملەکەت، لە شار دەرچووم. بۆ سەلامەتیی ئەهل و ماڵ و منداڵی شاری سولەیمانی، قەصەبەم مووەقەتەن تەرک‌کرد. ئۆردووی کوردستان بە قوماندان و هەیئەتی ضابطان و ئەفرادیەوە ڕەفاقەتی ئێمەیان تەرجیح‌کرد. ئەمانە لەگەڵ عەشائیر و ئەفرادی میللەتی کورد بۆ مودافەعە و ئیستیحصالی حوورریيەت و ئیستیقلالییەتی کوردستان هەتا ڕۆژ لە بەدەنیانا مابێ، دەوامی موجاهەدە و مودافەعە دەکەن. خوا موعین و دەستگیری هەموو چاکان بێ.

مەقصەدم لەگەڵ کەس‌دا شەڕکردن نییە، موخالەفەتی حەقی کەس ناکەم، لاکین بۆ حقووقی مەشرووعەی میللەتی کورد تەجاوزیش ڕەوا نابینم. ئەو ضابطان و ئەفرادەی خەبەریان نەبوو و لە سولەیمانی دەرنەچوون، هەتا یانزەی مانگی مارت ئیلتیحاق بە ئێمە بکەن. ئەوانەی کە لەسەر تەشویق و ئیغفالی بەعضێ موفسیدین لە قەطعەی خۆیان جوێ‌بوونەوە، دووبارە هەتا یانزەی مانگی مارت ئەگەر بێن و ئیلتیحاقمان بکەن، لە جەزا عەفوویان‌دەکەم.

ئەوانەی کە عەسکەرن و مەئموور]ی حکوومەت[ بوون و ئەوانەی خۆیان بە موسوڵمان و کورد حیساب‌دەکەن، بەبێ ئەمری من هیچ خدمەتێک و هیچ مەئمووریيەتێک قبووڵ‌نەکەن. زیرا من بە ئینتیخاب و ڕەئیی عموومی ڕوئەسا و ئەفرادی میللەتی کورد بە مەلیکی کوردستان قبووڵ‌کراوم.

هەتا ئۆردووی کوردستان (بە عەون و عینایەتی باری) موظەففەرەن داخڵی شاری سولەیمانی دەبێ، بۆ مەنفەعەتی ئینگلیز و بۆ تەشویقی فاسیدین، هەر کەس مەئمووریيەت قبووڵ بکا، بە قەراری شوورای میللەت بیلا ئیستیثنا جەزای ئیعدامە. ئەو عەسکەرانە و ئەو ضابطانەی ماونەوە، هەتا یانزەی مارتی 1339 ئیلتیحاقی ئۆردوو نەکەن، بە قەراری دیوانی حەربی عەسکەری، غیابەن حوکمی ئیعدامیان دراوە.

ئەهلی شار و دەرەوە دەبێ بە هەموو مەوجوودییەت و قووەتیان نەیێڵن قووەت و عەسکەری ئینگلیز داخڵی ناویان بێ. ]ئەمە بە[ قەراری شوورای میللەت ئەمردەکەم. موخالیفی ئەم قەرارە هەر کەس حەرەکەت‌بکا، یەعنی قووەتی ئینگلیز دەعوەت و حەرەکەتیان تەسهیل بکا، ]بۆ[ مودافەعە و دەرکردنیان سەعی و موجاهەدە نەکا، لەپاش تەحقیقات کە تێبینیی کرد، بە قەراری شوورای میللەت ]غیابەن[ حوکمی ئیعدام دەدرێ.

"فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یراه."
صدق اللە العظیم.

## عوسمان عومەر: شێخ مەحمودی نەمرو شیعر.



لە بیرەوەریەکی نزیکم دا سالی 2005 تۆمارم کردووە، وەک خۆم هەر لە سەرەتای قۆناغی ئامادەیی و دواتریش خولیای کتێب خوێندنەوەم هەبوو، هەر رۆمانێ یا دیوانی شاعێرێ یا هەر کتێبێکی سیاسی یا مێژوویی یا ئەدەبی، هەرچەندە ئەوکات و سەردەمەی ئێمە کتێبە سیاسیەکان کەمێ بەزەحمەت دەست دەکەوتن بەهۆی ئەو تەعتیمە ئیعلامیەی بەعس لە سەر زۆر شت داینا بوو، بەتایبەت کتێب و دیوانی هەندێ شاعیر کە هۆنراوەی سیاسی تێدا بوایە لە ژێر چاودێری دەرنەدەچوو زۆرجار خاوەنەکانیان بانگ دەکران بۆ لیکۆلینەوە. بۆیە کتێبخانەیەکی خنجیلانەم هەبوو، بەلام داخەکەم لەگەل بونە پێشمەرگەم و راوەدونانی ماڵەباوان و خۆحەشاردانیان لەچاوی موخبیرو پیاوانی رژێم کەوتبونە کەل و پەل دابەشکردن بەسەر مالاندا وەک هەموو ماڵە پێشمەرگەیەکی ئەوسەردەمە زۆربەی کتیبەکانم فەوتان..

دوای دامەزراندم لەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ساڵی 2004 و تێکەل بون لەگەل کاری ئیداری و هونەری, زۆرجار بەحوکمی پلەکانمان لەگەل کاک تەیمور ساحێبقران کە پلەی شارەزای هەبوو, دەردەچوین بۆ سەرپەرشتی پرۆژەکانی وەزارەت و بەدوادا چون بۆ کاروباری ئەو فەرمانگانەی سەر بەوەزارەت بون، وەستان لەسەر کارەکانیان یا هەندێ جار بۆ لێکۆلینەوە لەسەر بابەتێک لیژنەکەمان زۆرجار ئەندازیار و یاسایی وەزارەتی تێدا دەبوو وەک دەلێن: بەرێگاوە عەرش و قورش دەهاتە گۆرێ، هەر لەباسکردنی ئەو بابەتەی بۆی دەچوین و سیاسەت و باروذۆخ و تەنانەت هەندێ جار ئەدەب و رۆشنبیری و جارجاریش نوکتەیەکی دەکرا بەسەردا لە رێگا تا گەیشتن بە شوێنی مەبەست.

یەکێ لەو جارانە کاک تەیمور چەند کۆپلە هۆنراوەیەکی خوێندەوە، یەکسەر دەفتەری یاداشتم لەبەر دەستبوو نوسیمەوە و باسی بەسەرهاتی هۆنراوەکەی بۆ گێرامەوە، بەلام لەو دەمە نەمنوسی, لە دانیشتنێکی تایبەت دا بە بیرم هێنایەوە. دووبارە بەسەرهاتەکەی بۆ گێرامەوە و فەرموی ئەم هۆنراوەیە نە لە دیوانی حەمدی (ئەحمەدبەگی فەتاح بەگ)و (ئەمستەفا بەگی ساحێبقران )ئەنوسراوە، لێرەدا پرسیارێکم ئاراستە کرد: کە هی ئەو دوو شاعیرە نەبێ ئەی هێ کێیە؟

گوتی: باوکم بۆی گێراومەتەوە زۆرباش لەیادم ماوە لای خۆم تۆمارم کردوە بە سەرهاتەکەی وا گێرایەوە: رۆژێکیان هاوسەرەکەی شێخی نەمر زۆر عاجزو کزبووە پرسیاری لێ دەکەن: بۆچی وا عاجزی؟ ئەویش لە وەلامدا دەلێت: شێخ بەنیازە ژنم بەسەر بێنێ، چونکە من نەخۆشم و خەریکە پەکم دەکەوێ و کەوتومەتە تەمەنەوە. شێخ ئەو هەموو خزمەت و ئەرک و ئەزیەت و ناخۆشیەی من لەگەڵ ئەودا بەسەرم هاتووە و چەشتومە، هەمووی دەخاتە لاوە بۆ کەسیکی تر؟

گومانی تێدا نییە هەمو ژنێ کە هەست دەکات و دەزانێ هاوسەرەکەی بەنیازی هێنانی ژنی دووەمە، دڵی لەخۆی دەمێنێ. بۆیە دڵنەوایی دەکەن و پێی دەڵێن رەنگبێ شێخ ویستبێتی سوعبەتت لەگەڵ بکات، یا تاقی کردبێتیەوەو بزانێ تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟ پێی دەڵێن باوەر ناکەم شێخ ئەو کارە بکات، بەلام تۆ هەرخۆتی لێ نزیک بکەوەو قسەش لەگەڵ شێخ دەکەین بزانین بەراستیەتی مەسەلەکە، چۆنە یا هەر بۆقسەو گاڵتە ئەمەی فەرمووە .....کە عەرزی جەنابی شێخی دەکەن دەفەرموێ بەلێ راستە و ناوی (مینایە) وەسفی شۆخ و شەنگی و جوانیەکەی دەکات ئەفەرموێ ماوەیەکە فاتمە هەر نەخۆش و بیتاقەت و تەمەنیشی بەرەو هەلکشانە. هیچ چەند و چون لەگەل جەنابی ناکەن و وازی لێدەهێنن بیر لەچارەسەر دەکەنەوە ....

ئەوە ئەو هۆنراوەیەیە دواتر لەشوێنێکی دیکە ئاماژەی پی دەدەم.

زورفی مینا شاهی من میزرەفی ئەڵماسی دەوێ
هەروەکو مەکینە دەرزی تیژو رەقاسی دەوێ

دوای ئەم چەند سالە، چاوم بەنوسینیکی کاک سەلاح سالار کەوت کەوەک لێکۆلینەوەیەکە تێیدا هاتوە ئەو شیعرە هی (ناری )شاعیرە و(هاودەمی-معاصر)شێخی نەمربوە.

لەگەڵ ئەوەی کەشێخ کاری سیاسەت و فەرماندەیی لەشکری کوردستان و سەرکردەیەک و حوکمداریش بوە، شاعیریش بووە، حەزی بە شیعرو نوکتە و قسەی خۆش و مەجلیس گەرم و پەیوەندی پتەوی لەگەل ئەهلی قەلەم و شاعیران هەبوەو رێزی بۆ داناون,کوردایەتی بۆ شێخ مەحموود وەک عەشقێکی ئەبەدی بوو، شێخ بەو هۆنراوەیە هەڵوێستی کوردانەی خۆی دەربڕیوە کە دەڵێت:

فەرهادی قەومی کوردم و فەریادی کورد ئەکەم
دوژمن بە کوتەکی کاوە وەکو شووشە ورد ئەکەم

جارێکی دی لە شیعری (شەڕی سووورداش) هەڵویستی خۆی دەردەبڕێتەوە و دەفەرموێ

ئامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی
ئایکەمە سەر خۆم بەدەستی موژدەعەی تاجی شەهی

شەڕە شیعر و وەڵامی شێخ مەحموود بە شیعر

هەندێک لە پیاوە ناودارەکانی کورد داوا لە شێخ مەحموود دەکەن کەشەڕکردن سوودی نییە و، دەیانەوێت ساردی بکەنەوە لە پەنابردن بۆ چەک و شۆڕشی چەکداریی. بەهۆی ئەوەی پیاوێکی زۆر ئازا و بەجەرگ بووە و سڵی لە شەڕ و زۆریی لەشکری دوژمن نەکردۆتەوە و نابەرانبەریی لەشکرەکەی خۆی و دوژمنیش کاریان نەکردووەتە سەر خەباتی شۆڕشگێڕانەی، بۆیە بەم شیعرە وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە و سووربوونی خۆی لە شۆڕش دووپات دەکاتەوە.

موددەتی عومرم بەتاڵان چوو لە سووچ و قوژبنا
پێمەلەم زۆرکرد لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا
شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکاری دوژمنا
جەهلی میللەت بوو بە زیللەت هات بەسەرشانی منا

هەندێ جار شێخ مەحموود شەڕە شیعری کردوە، بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ ئینگلیزەکان شەڕ دەکات و فڕۆکە بۆردومانی دەکەن. عادیلەخانم کە نەیاری شێخ و دۆستی بەریتانییەکان بوە بەشیعرێک گاڵتە بە شێخ مەحموود دەکات و دەڵێت:

بە چاوی ئەحمەدن بە قەبری پاشا
من ئەم بۆردوومانە زۆر ئەلا باشا

هەندێک قسەی دەماودەمیش هەیە کە گوایە ئەم بەیتەی گوتووە:

ئەیارە هات بە گیزە گیز
دەرێی خام پڕ بوو لە میز

**شیعر و لێخۆشبوون**

شێخی نەمر زۆرجار لە کەسانێ زویر، یان تووڕە بووبێت، بە شیعرێک کە بۆیان ناردووە دڵی ساف بووەتەوە و لە کەسەکە خۆشبووە. بۆ نموونە بەهۆی هەندێ جموجووڵی نەیارانەی خانەوادەی وەسمان پاشای جاف، کە لە هەڵەبجەوە دژی حکومەتی کوردستان خۆیان پیشان دەکەن لە مانگی شوباتی 1922 شێخ مەحموود، ئەحمەد موختار بەگی جاف دەستگیر دەکات و لە ئەشکەوتی (جاسەنە) لە سووورداش ماوەی چەند ڕۆژێک زیندانیی دەکات.سەرئەنجام ئەحمەدموختاربەگ بە شیعرێک پاکانەی خۆی بۆ شێخ مەحموود دەردەبڕێت و، هەروەها گوێڕایەڵیی و موخلیسیی خۆشی دووپات دەکاتەوە، کە شیعرەکە دەگاتە دەستی شێخ ئیتر فەرمانی لێخۆشبوون و ئازادیی بۆ ئەحمەدموختارجاف دەردەکات. ئەمەش دەقی شیعرەکەی ئەحمەد موختاربەگی جافە:

سەبا عەرزی خلوصیی و بەندەگیم، هەم دوعا خوانی
ببە بۆ خزمەت شاهی موحیتی گشت سلێمانی
بڵێ قوربانی تۆبم ئەی صلاح الدینی ئەیوبی
بە زۆری پەنجە وەک حەیدەر، بە سیما یوسفی سانی
ئەبێ ئەم قەومە ئەمڕۆ شاد و خەندان و شاگۆبن
کە چونکە تۆ شاهەنشاە و ڕەئیسی جەممی کوردانی

**شیخ و ئاشتبوونەوە بەهۆی شیعرەوە**

کاتێک پیرەمێرد لەدوای 25 ساڵ لە تورکیا دێتەوە بۆ کوردستان و سۆز و خۆشەویستی نیشتمان کەمەندکێشی دەکاتەوە بۆ سلێمانی، لەو سەردەمەشدا حوکمی پاشایی شێخ مەحموود دەبینێت و هەندێ شتی نارێک و گەندەڵیی و نەگونجاو پەستی دەکات و بە شیعرێک سەرنجی خۆی دەخاتەڕوو:

لەگوێم دێ دەنگی لایلایەی وەتەن، دایک جگەرسووتاو
ئەڕژێنێ بەسەر وێرانەکەی خوێناوییا خوێناو
ئەلاوێنێتەوە و ئەگری، سەری شینە لەماتەمدا
شەو و ڕۆژ کۆتەڵی منداڵەکانە وا لەبەردەمدا

هەندێ کەسی ناحەز ئەم شیعرە دەگەیەننە دەستی شێخ و بەمانای خراپ لێکی ئەدەنەوە و زیادەی پێوە دەنێن، هەر ئەو ناحەزانە دێنەوە بۆ لای پیرەمێرد و وای تێدەگەیەنن کە گوایە شێخ مەحموود لە حاجی تۆفیق بەگ تووڕەیە و زۆر پەست بووە و هەڕەشەی کردووە.

ئیتر پیرەمێردیش بۆ ئەوەی دڵی شێخ ئاشت بکاتەوە و نەهێڵێت شێخ زویر ببێت، شیعرێکی جوان و پڕمانای بۆ دەنووسێت، گرنگ ئەوەیە بە شیعرێک دڵسۆزیی خۆی بۆ پاشای کوردستان دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ڕاستی مووچەخۆری خۆی
سووراحی سەر فرووەدێنێ لەبۆ پیاڵە کە تێکا بۆی

**پەشیمانکردنەوە لە هاوسەرگیریی بە شیعر**

وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا,کاتێک شێخ مەحموود نیازی خواستنی کچێکی هەبووە بەناوی (مینا)، هەندێک دەڵێن: لە مەریوان و هەندێکیش دەڵێن: لە گوندی دۆڵەسوور بووە، بەڵام کچە زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بووە، دیارە نەیویستووە لەگەڵ شێخ زەماوەند بکات و کەسێکی تر، کە دەگوترێت (لاوچاکێکی بڵباس) بووە بەتەمای خواستنی ئەو کچە بووە. بۆیە ناری شاعیر (مەلا کاکەحەمەی بێلوو) بە شیعرێک شێخ لەو بڕیارە پاشگەز دەکاتەوە. ئەمە چەند دێڕێکی شیعرەکەیە

زورفی مینا شاهی من میزرەفی ئەلماسی دەوێ
هەروەکو مەکینە دەرزی تیژو ڕەقاسی دەوێ
قەتعی ڕێگای دۆڵە سوورو کانی گەرمی بەرموان
هەنمەتی چاپوک سوارو عێلی بڵباسی دەوێ
فی المسەل زورفی زەریفی شەمعدانی وەک بلوور
مۆمی کافورو سپی و بێ گرێ و ڕاستی دەوێ

بەو شێوەیە ناریی شاعیر بڕیار بە شێخ مەحموود دەگۆڕێت و دەستبەرداری ئەو کچەی دەکات، یان ڕەنگە ڕاستتر بڵێین ئەو کچە ڕزگار دەکات.

**هەندێ داواکاریی بە شیعر**

شێخ مەحموود زۆرجار بەشیعر داوای شتی لێکراوە, زۆرجاریش خۆی بە کورتەشیعرێک، کە بەیتێک یان دوو بەیت یان زیاتربووە داوای شتێکی کردووە. بۆ نموونە: ئەو سەردەمەی شێخ لە گوندی (داری کەلی) دەژیا، وسووئاغا کە پیاوی تایبەت و متمانەپێکراوی شێخ مەحمووده ددانی ژان دەکات و دەیەوێت بڕوات بۆ سلێمانی بۆلای شێخ لەتیفی دانساز، بە شێخ مەحموود دەڵێت: نامەیەکی بۆ بنووسێت، لەوکاتەشدا (ناری) شاعیر لەوێ دەبێت، شێخ ڕوو لە ناری دەکات و دەڵێت: شتێکی پڕمانا بەناوی منەوە بنووسە بۆ شێخ لەتیف. ناری بۆ نووکتە ئەم بەیتەشیعرە دەنووسێت کە زۆرمانادارە:

وسو موحتاجی ددانە وا هاتە لاتان
کە دەستێکتان هەیە ئێوەش لە ددانا

ئەگەر سەیر بکەین لە بری وشەی (ددان) نوسیوێتی (دان) کە مانای تر دەبەخشێت، بۆیە عەلادین سوجادی دەڵێت: "ئەم شیعرەی ناری ئەوەندە جوانە، حەوت مانا بە شیرینی هەڵئەگرێ".

کە نامەکە دەگاتە دەستی شێخ لەتیفی دانساز، لەوکاتەدا حیلمی شاعیر کە خوشکەزای شێخ لەتیفە لای شێخ لەتیف دەبێت و سەیری نامەکە دەکات, لێتی تێدەگات ئەمە توانج و نووکتەیە، ئەم وەڵامەی بۆ دەنووسێتەوە و دەیداتەوە بە وسووئاغا بیباتەوە بۆ شێخ مەحموود.

وسو هات ددان بکا یا شێخ لەلامان
بەمەرگی تۆ قەسەم پێنج دەفعە گامان

کە نامەکە دەباتەوە بۆ شێخ مەحموود و دەیخوێنێتەوە، دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێت ئەمە کاری حیلمییە.

جارێکی تر شێخ مەحموود بەیتە شیعرێک دەنێرێت بۆ شێخ محێدینی شێخ ساڵحی هەولێر و داوای تووتنی لێدەکات و دەڵێت:

نە موحتاجی دەستوتفەنگم نە شان و عەبا
موحتاجی چنگێ تووتنی خۆشناوم یان پێشەما

لەکۆتایی دا دەگەینە ئەوەی کە شێخی نەمر جگە لە حوکمداری و ئایینداری و بەرەنگاری دوژمنان ئارەزوی تریشی هەبوە, وەک ئەوبابەتانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا هۆنراوەشی هەبوە بۆ بەسەرکردنەوەی هاوڕێیانی.گەر بەراوردێک بکرێ لە نێوان سەردەمی شێخ ئەمرۆدا, بەرپرسانی ئەمرۆ نە گوێ لەداخوازی خەلک دەگرن, نەنامەی کەس دەخوێننەوە, دەتوانم بلێم چاو بە هیچ جۆرە مێدیایەک دا ناخشێنن کەچی لەولاوە لافی ئەوە لێدەن بە ڕێبازی مام، ڕەوانشاد مام چ لەشاخ و چ لەشار بەحوکمی نزیکم لە جەنابیانەوە رۆژنەبوە چاوبەرۆژنامەکان و سەیرکردنی میدیاو گوێ گرتن لەهەواڵەکان و، تەنانەت زۆرجار چاککردنەوەی مانشێت و نوسینی رۆژنامەی کوردستانی نوێ،

ئەگەر بەراوردێکی شێخ مەحموود و بەرپرسانی ئەمرۆی کورد بکەین، تێدەگەین ئەمانە زۆر لەپاشەوەن. نە نامەی کەس دەخوێننەوە، نە وەڵامی کەسیش دەدەنەوە. تەنانەت چاوێکیش بە میدیاکاندا ناخشێنن و ئاگایان لە هیچ نییە. ئەوان لە دۆڵێک و میللەتیش لە شیوێکن. بەڵام شێخ مەحموود بەو هەموو کەموکووڕییەی حکومەتەکەی و ئەو هەموو نەیار و لەمپەر و کۆسپە ناوخۆییەی هەبوون، کەچی زۆر نزیک بووە لە خەڵک و گەلەکەی، ئاگاداری زۆر شت بووە و شەڕە شیعر و شەڕە نووکتەی لەگەڵ کردوون و کەم تا زۆرێک چاوی لە دۆخی ژیانی خەڵکەکەی بووە.



## دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز: دیالێکتەکانی زمانی کوردیی

سەبارەت بە بنەچە و دیالێکتەکانی زمانی کوردیی، هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، هێندێ شارەزای زمانەوانی کورد و بیانیی، لە ئەم گۆرەپانەدا، ئەسپی کارامەیی خۆیان تاوداوە، کۆڵینەوەی زانستانەیان کردووە، گەلێ زانیاریی گرنگ و پڕ بایەخیان نووسیوە. لەنێو پسپۆرە بیانییەکاندا، (ڤلادیمیر فیۆدۆرۆڤیچ مینۆڕسکی، مێجەرسۆن و دکتۆر مەکەنزی)، ڕۆلێکێ گەورەیان بینیوە. لەنێو کوردیشدا، گەلێ نووسەر، زانا و شارەزا، لە بواری زمانی کوردییدا، کارێکی زۆریان کردووە و دیالێکتەکانیان دابەشکردووە. لەبەرئەوە نابێ، ناوی چەندین مامۆستای دەسوپەنجە زێڕین و پێنووسی بەبڕشتی ڕەنگینی وەک: (شەرفخانی بەدلیسیی، تۆفیق وەهبی، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ، ئایەتوڵڵای مەردۆخی کوردستانیی، شێخ موحەممەدی خاڵ، عەلادین سەجادیی، تایەر سادق، عەبدولڕەحمانی زوبێحی، مەسعوود موحەممەد، موحەممەد ئەمین هەورامانیی، ڕەووف ئالانیی، زوبێر بیلال ئیسماعیل، پرۆفیسۆر کوردۆییڤ، دکۆر جەمال نەبەز، دکتۆر عیززەدین مستەفا رەسووڵ، دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر کەمال فووادە دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، دکتۆر فوواد حەمەخورشید ...)مان بیرچێ.

ئاخر ئەم نووسەرە بەڕێزانە، بەگوێرەی توانای خۆیان، سەبارەت بە مێژووی تەمومژاویی زمانی کوردیی و دیالێکتەکانی، ڕێزمان، فەرهەنگ، پیتی عەرەبیی و لاتین، ڕێنووسی کوردیی، گەلێ شتی گرنگیان ڕوونکردووەتەوە و ڕاژەیەکی زۆری زمانەکەیان کردووە. یادیان بەخێر و دروود بۆ گیانی پاکیان، کار و ناوەکانیان، هەر زیندووبێ!

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، پێش ئەوەی باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردیی بکەم، بە چەن ئەڵقەیە، هێندێ زاراوەی جیاجیا ڕوونکەمەوە، کە ڕۆژانە نووسەران، بە هەڵە بەکاریدێنن. هەموو ئەمانە (زار، زمان و زبان) بۆ زمان و (زاراو، زاراوا، زاراوە، شێوە، بەش، بن، خوار، نیمچە، بێچوو، لەهجە و دیالێکت)، بۆ یەک مەبەست بەکاردێنن. بەڵام لە ڕاستیدا، ئەم هەموو ناوانە، لە زماندا نە باشە و نە نیشانەی دەوڵەمەندیی زمانەکەشە. چونکە جگە لە ئەوەی پێویستە، تەنیا هەر یەک زاراوەی ستاندارد هەبێ، هەر یەکەشیان واتایەکی تایبەتییان هەیە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراویش بەکاردێنرێن.

بەپێی بنەما سەرەکییە زانستییەکانی زمانەوانیی، هەموو زمانێ بەگوێرەی دروووستبوون و سرووشتی تایبەتی خۆیان، لە چەن دیالێکتێکی جیاواز پێکدێن. پاشان گەر هەر دیالێکتێ لە ئەو دیالێکتانەش، بەپێی نێوچە جیاوازەکانی جوگرافیا دابەشکرێن، ئەوا هەر دیالێکتێ، چەن بەشێکی دیکە، لە بنباڵی خۆی دەگرێ. کەواتە، بە هەموو دیالێکت و خواردیالێکتەکان، یەک زمانی یەکگرتووی دیاریکراو پێکدێنن، بۆیە بە هەموویان دەڵێن: زمانی کوردیی، زمانی عەرەبیی، زمانی ئەڵمانیی، زمانی ئینگلیزیی، زمانی ڕووسیی ...

.

بە داخەوە تا ئێستەش، هێندێ ڕووناکبیر و نووسەر هەن، جیاوازیی لە نیوان زمان، دیالێکت و خواردیالێکتەکاندا ناکەن. ئەمەش لە وڵاتەکانی ئەورووپا و لە دەزگە فەرمییە بیانییەکانی دەوڵەتیشدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆیە هێندێ جار، ئەو زاراوانە تێکەڵاودەکەن و هەڵەی گەلێ زەق دەکەن، لەبری زمان و دیالێکتەکانی کوردیی، زمان و دیالێکتی (سۆرانیی) و (بادینانیی) بەکاردێنن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هەڵەیەکی زمانەوانیی گەورەیە، چونکە (سۆران) و (بادینان)، ناوی دوو نێوچەی دیاریکراوی باشووری (کوردستان)ن. هەروەها، هەر یەکێکیشیان (سۆرانیی) و (بادینانیی)، سەر بە بەشە دیالێکتێکی جیاوازن. وەک (سۆرانیی) لقێکە لە بەشەدیالێکتی کرمانجی خواروو، (بادینانیی)ش، لقێکە لە بەشەدیالێکتی کرمانجی ژووروو. ئەو دوو لقەش یەک بەشەدیالێکتن، هەردوو خواردیالێکتەکەش، یەک دیالێکتی یەکگرتووی کرمانجیی پێکدێنن

زمان language

لە زمانی کوردییدا، سێ زاراوەی جیاوازمان هەیە، هەرسێکیان بۆ یەک مەبەست بەکاردێنرێن، وەک (زار، زمان و زبان). ئەمەش بەگوێرەی نێوچە جیاجیاکانی (کوردستان) و دیالێکتەکانی زمانی کوردیی دەگۆڕێ. بەڵام باشتر وایە، هەر یەکەیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاربێنرێن.

زمان وەک زاراوەیەکی زمانەوانیی و زبانیش بۆ ئەندامەکەی نێودەم بێ. بۆئەوەی ئێمەش دوو زاراوەی جیاوازمان هەبێ، دوو واتا ببەخشن و بە ئاسانیی، لە یەکدیان جیاکەینەوە. هەروەک (حەمدی) هۆنەریش گوتوویەتی:

زبانم شەقئەبا یەک دەم، گەر بێتو نەبا ناوت

بە کوێریی دائەنیشم، گەر لەبەرچاوم نەبێ چاوت

بەڵام لە هێندێ زماندا، دوو وشەی جیاوازیان هەیە، کەچی هەردووکیان وەک زاراوەیەکی زمانەوانیی بەکاردێن. بۆ نموونە: زمانی عەرەبیی (ئەللوغە) و (ئەللسان)یان هەیە. هەرچەندە دووەمیان هەر بۆ ئەندامەکەی نیودەم بەکاردێ. لە زمانی ئینگلیزیی و سویدییدا، دوو وشەی جیاواز هەیە. لە ئینگلیزییدا، زاراوەی (language) بۆ زمان و (Tongue) بۆ زبان، لە سویدییدا زاراوەی (Sprak) بۆ زمان و (Tung) بۆ زبان بەکاردێنرێن. هەرچەندە لە زمانی ئینگلیزییدا، هێندێ جار زاراوەی (Mother tongue)ش بەکاردێ، بەڵام زۆر بە کەمیی. لە زمانی ڕووسیدا، (یەزک) بۆ هەردوو مەبەستەکە دەبێ!

وشەی زار، دوو جۆر واتای هەیە:

* لەبری زمان نەک لەبری دیالێکت بەکاردێنرێ.

* لە هێندێ نێوچەی (کوردستان)یش، بە زمانی نێو دەم یا بە دەم دێ، وەک دەڵێن: زارم دێشی.

دیالێکێت Dialect

دیالێکێت زاراوەیەکی لاتینییە، لە زۆربەی زمانی نەتەوەکانی جیهاندا بەکاردێ، لە دیالێکتیش پچوکتر بە زمانی بیانیی (Sub Dialect) یا (Semi Dialect)یان هەیە. بە عەرەبیی (لەهجە)ی پێ دەگوترێ، بۆ خواردیالێکتەکانیش، (تەحتە ئەلەهجە) یا (شبە لەهجە) بەکاردێنرێ.

بەڵام لە زمانی کوردییدا، تا ئێستە چەن زاراوەیەکی وەک (زار، زاراو، زاراوا، زاراوە، شێوە، بەش، بن، خوار، نیمچە و بێچوو)، بۆ دیالێکت و خواردیالێکت (بەش و لق) داتاشراوە. دیارە، (زاراو، زاراوا، زاراوە)، هەر لە زاراوەوە وەرگیراون، وەک چۆن ئاپینزا لە ئاپینەوە وەرگیراوە. لە ڕاستیدا بە تەواویی دیار نییە، کامیان بۆ بەش و لقە دیالێکتەکان دەسدەن. چونکە هەر نووسەرێ بەپێی دید و بۆچوونی تایبەتی خۆی، یەکێکیان بەکاردێنێ. جگە لە ئەوەی هەموو زاراوەکان، چ بۆ بەش و چ بۆ لقە دیالێکتەکان تێکەڵاوکراون. ئەم زاراوانەش، لە ڕواڵەتدا یەک واتایان هەیە. بەڵام هێندێکیان بە هەڵە دانراون، لە هەمان کاتیشدا، سەر لە خوێنەر دەشێوێنن. بۆ نموونە: (شێوە) ڕاست نییە، چونکە (شکڵ)ی عەرەبیی دەگەیەنێ.

زاراوە هەرگیز بۆ دیالێکێت و خواردیالێکتەکان ناشێ. چونکە زاراوە بە عەرەبیی (موستەڵەح)، بە لاتینیی (Herminus) یا (Terminus)) و بە ئینگلیزییش (Term)ی پێ دەڵێن. بەڵام لە زمانی کوردییدا دەکرێ، لەبری ئەو زاراوانە، زاراوەی دیالێکێت بچەسپێنرێ. چونکە واتاکەی گەلێ گونجاوترە و هەموو خوێنەرێکی کوردیش تێیدەگا. هەڵبەتە ئەو بەشانەی لە خواردیالێکتێتیشەوە دێن، شارەزایانی زمانی کوردیی، چەن ناوێکی جیاوازی وەک (بندیالێکێت، خواردیالێکێت، نیمچەدیالێکێت و بێچووەدیالێکێت)یان بۆ داناون، کە هەموویان یەک واتایان هەیە.

## نامەیەکی دڵداری
## دوای 100 ساڵ دەگاتە دەستی خێزانی کچەکە




ئاکۆ ئاڵی

نامەیەکی دڵداری کە سەربازێکی بەریتانی لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا نوسیویەتی، دوای تێپەڕبونی زیاتر لەسەد ساڵ دەگاتەوە دەستی خێزانی ئەو کچەی نامەکەی بۆ نوسراوە.

بەگوێرەی ئاژانسی ئەسۆسیەیشنی بەریتانی، دیڤید بامبرۆ برازای ماری فۆرچن کە نامەکەی بۆ ڕەوانەکراوە وتویەتی:"بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە ئەوکەسانەی نامەکەیان هێناوە ئەو هەموو ماوەیە بەدوای مندا گەڕاون".

نامەکە لەفرۆشگەیەکی فرۆشتنی کەلوپەلە بەکارهاتووەکانی شاری سەندەرلاندی باکور دانراوە، دواتر دەست بەهەڵمەتی گەڕان بۆ نەوەو کەسوکاری ماری فۆرچن کراوە.

دۆزینەوەی بامبرۆی تەمەن 53 ساڵ، لەڕێگای بەکارهێنانی پێگەیەکی تایبەت بەبەدواداچونی ڕەچەڵەکەکان (ئەنسێستەر) بوە، دواتر لەڕێگای پۆستی ئەلیکترۆنییەوە پەیوەندی پێوەکراوە.

نامەکە لەلایەن جۆرج فۆرچنی هاوسەری مارییەوەو لەکاتی خزمەتکردنی وەک سەرباز لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا نوسراوە، بەڵام لەماوەکانی دواتر داو لەیەکێک لەجەنگەکاندا کوژراوە.



بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ، کاڵاوڕۆژنەی نیشتیمان ، گەشمردە مام عوومەری قەمچوغە ، ڕەشەڕیحانەیەکی بەر پەنچەرەی خانووە ڕەش داگیرساوەکانی کەرکوک ، هەناسەیەکی قەندیلانە لە سەر کڵپەی بابەگوڕغوڕ ، ئەو بەرۆژ فێنکایی دڵی کڵپە بوو ، شەوانەش پشکۆی ناو ئەشکەوتێکی دڵ پڕ پرووشەو کلووە بەفر، ئەو مام عوومەرەکەی گەرمیان و دڵە سەرهەڵگرتۆکەی 21 بیست و یەکی کەرکوک بوو هەناوی پڕ بوو لە پشکۆی خەبات و ، هەناسەی تەژی لەپرووشەو ، سەیری تافگەی ئەستێرەو تریفە ، مام عوومەر لە ڕێکخستنەکانی ناو شاری کەرکوکەوە دەستی کرد بەخەبات و ،دەستێکی پۆڵاینی ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان بوو لەناو شارەکەی گڕو مەرگا شاری کەرکوک ، سەرەتای هەشتاکان ڕووکردە شاخ و بووە پێشمەرگە لەتیپەقارەمانەکەی21یکەرکوک،مرۆڤێکی بەهیمەت ورەوشت بەرزو بەتواناو بەهیوا ، نەک هەر خۆی ماڵ و منداڵی هەریەک بەشێوەیەک لەخزمەتی جوڵانەوەو شۆڕشی کوردا بوون ، ئاخر ئاخر ئەو لەقەمچوغە دیوەخانی هەبوو ، ئاخر ئەو لەهەمان تیپ دا کوڕێکی گەشمردە بوو چووە کاروانی نەمرانەوە ، بەڵام ئەمە کۆڵی پێنەدا ، ڕقی پیرۆزی خەباتی بابەگوڕگوڕانەی زیاتر کڵپەسەندو خەباتی شێلگیرترانە کردو ،تا لوتکەی پیرۆزی و گەیشتن بەدوا پلەو شەهادەی خەبات ، لە کاتی ئەنفالەکان دا بۆ دواجار ژیانی ئاویی لێکردین و بێ سەروشوین لەگەڵ کڵپەیەکی بابەگوڕگوڕ بەنادیاری و بێ گۆڕو ناونیشان بەجێی هێشتین هەزار درووود بۆ گیانی پاکی یادو یادەوەری بەخێر ،

ڕزگارەسوور



# بیرەوەری پێشمەرگە جەمال چاوشین

پاتەی لاسیکی ووێن

پایزی 1985 ،باری سیاسی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو بە واجب لە سەر شاخی کوونە کۆتر لە پشتی گووندی کۆڵرد. بووین ، چەند ڕۆژێک هەستمکرد پێڵاوەکانم کە پاتەی لاستیکی ووێن بوون کۆن و تەنکوو سواوو بووبون،

ئاخری ڕۆژێکیان پێم بەر تاشەبەردێکی تیژ کەوت تاکێکیان لەدوولاوە کوونی تێبوو پێڵاوەکانم ،بەناچاری دانێشتم بە ێاگر حەربەی سەری تفەنگم گەرمکردوو بە پارچەیاک لاستیکی پێڵاوە کۆن زۆر بەباشی کونەکانم پینە کردەوە بەرگەی چەند ڕۆژێکی تری گرت چەند جارێک ئەو برادەرە پێشمەرگانەم ڕاسپارد کە دەهاتن بۆلامانوو خواردنیان بۆ دەهێنایین بۆ سەر شاخ بەشکم جوتێ پاتەم بۆ بێنن بەڵام بەنسیب نەبوو ، ڕۆژێکیان هەر لەسەر شاخ لەسەر جێگەکەی خۆم ڕاکشابووم کتێبی ڕۆمانی حەمەدۆکم دەخوێندەوە بانگیانکردم ووتیان وەرە میوانمان هاتووە کاتێک چووم کەبینیم برای پێشمەرگەیەک هاتبوو، کاک عێزەدینی حاجی شێخەلی باساک برای مامە قالە بوو ،خزمی چەند پێشمەرگەیەکی تریش بوو کە لە گەڵمان بوون، ماڵی حاجی شێخ علی باساک کەسایەتیەکی ناسراوو ڕێزداروو بنەماڵەیەکی کورد پەروەری ناوچەی بەرزنجەو شارباژێڕ بوون،

مامەقاڵە پێشمەرگەیەکی ڕێزداروو خۆشەویست بوو لامان و لەگەڵمان بوو،

پاش بەخێرهاتنوو هەواڵپرسینی سلێمانیو باسوخواستێکی زۆر ،زۆر دڵمان پێی کرایەوە زۆر هەواڵی شاری بۆ باسکردین، پاش چەند سەعاتێک لامان مایەوە چەند دیاریەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو دوو قات جلی پێبوو چوار جووت پێلاوی لاستیکی پێبوو بەڵام لەوە پێش نێتی لێهێنابوو بیدات بەکێ ،یەکیک لەووبرادەرانەی نێتی هێنابوو جوتێ پێڵاوی بداتێ بەنێتی ێەو برادەرە هێنابووی لە شارەوە،بەڵام ێەو پێشمەرگەیە پێڵاوەکانی تازە بوو چەند ڕۆژێک لەوەپێش کڕی بووی ، باشبوو ێەو جوتە پێڵاوە بەرمن کەوت ،جوتێ پێڵاوی ووێنی ئەسڵ و چاک بوو ژمارە چلوو دوو بوو پڕبەپێم بوو، زۆر دڵم پێخۆشبوو،وەک خەڵاتی سەیارەیەکی وەنەوشەی ێێستا وابوولام.

نەجاتم بوو لەپێلاوی پینەکراوی کۆنوو سواوو، هەرچەندە باشترین پاتەی لاستیک ئەوکاتانە بەرگەی پێی پێشمەرگەی کەم ئەگرت، یەکێک لە خەمەکانمان کڕینی پاتەی ،لاستیک بوو ێەوسەردەمە،

ئەوسا هیچمان نەبو دڵ ئاسودە بوو،ئێستا هەموشتێکمان هەیەو دڵ ئاسودە نیە.

به داخەوە تا ئێستەش، هێندێ ڕووناکبیر و نووسەر هەن، جیاوازیی لە نیوان زمان، دیالێکت و خواردیالێکتەکاندا ناکەن. ئەمەش لە وڵاتەکانی ئەورووپا و لە دەزگە فەرمییە بیانییەکانی دەوڵەتیشدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆیە هێندێ جار، ئەو زاراوانە تێکەڵاودەکەن و هەڵەی گەلێ زەق دەکەن، لەبری زمان و دیالێکتەکانی کوردیی، زمان و دیالێکتی (سۆرانیی) و (بادینانیی) بەکاردێنن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هەڵەیەکی زمانەوانیی گەورەیە، چونکە (سۆران) و (بادینان)، ناوی دوو نێوچەی دیاریکراوی باشووری (کوردستان)ن. هەروەها، هەر یەکێکیشیان (سۆرانیی) و (بادینانیی)، سەر بە بەشە دیالێکتێکی جیاوازن. وەک (سۆرانیی) لقێکە لە بەشەدیالێکتی کرمانجی خواروو، (بادینانیی)ش، لقێکە لە بەشەدیالێکتی کرمانجی ژوورووو. ئەو دوو لقەش یەک بەشەدیالێکتن، هەردوو خواردیالێکتەکەش، یەک دیالێکتی یەکگرتووی کرمانجیی پێکدێنن

زمان language

لە زمانی کوردییدا، سێ زاراوەی جیاوازمان هەیە، هەرسێکیان بۆ یەک مەبەست بەکاردێنرێن، وەک (زار، زمان و زبان). ئەمەش بەگوێرەی نێوچە جیاجیاکانی (کوردستان) و دیالێکتەکانی زمانی کوردیی دەگۆڕێ. بەڵام باشتر وایە، هەر یەکەیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاربێنرێن.

زمان وەک زاراوەیەکی زمانەوانیی و زبانیش بۆ ئەندامەکەی نێودەم بێ. بۆئەوەی ئێمەش دوو زاراوەی جیاوازمان هەبێ، دوو واتا ببەخشن و بە ئاسانیی، لە یەکدیان جیاکەینەوە. هەروەک (حەمدی) هۆنەریش گوتوویەتی:

زبانم شەقنەبا یەک دەم، گەر بێتو نەبا ناوت
بە کوێریی دائەنیشم، گەر لەبەرچاوم نەبێ چاوت

بەڵام لە هێندێ زماندا، دوو وشەی جیاوازیان هەیە، کەچی هەردووکیان وەک زاراوەیەکی زمانەوانیی بەکاردێن. بۆ نموونە: زمانی عەرەبیی (ئەللوغە) و (ئەللسان)یان هەیە. هەرچەندە دووەمیان هەر بۆ ئەندامەکەی نیودەم بەکاردێ. لە زمانی ئینگلیزیی و سویدییدا، دوو وشەی جیاواز هەیە. لە ئینگلیزییدا، زاراوەی (language) بۆ زمان و (Tongue) بۆ زبان، لەسویدییدا زاراوەی (Sprak) بۆ زمان و (Tung)بۆ زبان بەکاردێنرێن. هەرچەندە لە زمانی ئینگلیزییدا، هێندێ جار زاراوەی (Mother tongue)ش بەکاردێ، بەڵام زۆر بە کەمیی. لە زمانی ڕووسیدا، (یەزک) بۆ هەردوو مەبەستەکە دەبێ!

وشەی زار، دوو جۆر واتای هەیە:

* لەبری زمان نەک لەبری دیالێکت بەکاردێنرێ.
* لە هێندێ نێوچەی (کوردستان)یش، بە زمانی نێو دەم یا بە دەم دێ، وەک دەڵێن: زارم دێشی.

دیالێکێت Dialect

دیالێکێت زاراوەیەکی لاتینییە، لە زۆربەی زمانی نەتەوەکانی جیهاندا بەکاردێ، لە دیالێکتیش پچوکتر بە زمانی بیانیی (Sub Dialect) یا (Semi Dialect)یان هەیە. بە عەرەبیی (لەهجە)ی پێ دەگوترێ، بۆ خواردیالێکتەکانیش، (تەحتە ئەلەهجە) یا (شبە لەهجە) بەکاردێنرێ.

بەڵام لە زمانی کوردییدا، تا ئێستە چەن زاراوەیەکی وەک (زار، زاراو، زاراوا، زاراوە، شێوە، بەش، بن، خوار، نیمچە و بێچوو)، بۆ دیالێکت و خواردیالێکت (بەش و لق) داتاشراوە. دیارە، (زاراو، زاراوا، زاراوە)، هەر لە زاراوەوە وەرگیراون، وەک چۆن ئایینزا لە ئایینەوە وەرگیراوە. لە ڕاستیدا بە تەواویی دیار نییە، کامیان بۆ بەش و لقە دیالێکتەکان دەسدەن. چونکە هەر نووسەرێ بەپێی دید و بۆچوونی تایبەتی خۆی، یەکێکیان بەکاردێنێ. جگە لەوەی هەموو زاراوەکان، چ بۆ بەش و چ بۆ لقە دیالێکتەکان تێکەڵاوکراون. ئەم زاراوانەش، لە ڕواڵەتدا یەک واتایان هەیە. بەڵام هێندێکیان بە هەڵە دانراون، لە هەمان کاتیشدا، سەر لە خوێنەر دەشێوێنن. بۆ نموونە: (شێوە) ڕاست نییە، چونکە (شکڵ)ی عەرەبیی دەگەیەنێ.

زاراوە هەرگیز بۆ دیالێکێت و خواردیالێکتەکان ناشێ. چونکە زاراوە بە عەرەبیی (موستەڵەح)، بە لاتینیی (Herminus) یا (Terminus)) و بە ئینگلیزییش (Term)ی پێ دەڵێن. بەڵام لە زمانی کوردییدا دەکرێ، لەبری ئەو زاراوانە، زاراوەی دیالێکێت بچەسپێنرێ. چونکە واتاکەی گەلێ گونجاوترە و هەموو خوێنەرێکی کوردیش تێیدەگا. هەڵبەتە ئەو بەشانەی لە خواردیالێکتێتیشەوە دێن، شارەزایانی زمانی کوردیی، چەن ناوێکی جیاوازی وەک (بندیالێکێت، خواردیالێکێت، نیمچەدیالێکێت و بێچووەدیالێکێت)یان بۆ داناون، کە هەموویان یەک واتایان هەیە.

# بۆ یادی ئەو پشمەرگە ئاسنینەی سەراپا کوردستان و دنیای بە چالاکییەکانی هەژاند مامەریشە ..... ئەفسانەکەی گەرمیان



عبدللە کریم

بەشی : یەکەم

ئەو ساڵەی چنگی تراژیدیای پیلانی جەزائیر، بە جەستەی خوێنی
شە هیدان دا شۆر بووەوە ،ئەوساڵەی هەرەس،میللی چەکی پێشمە
رگە سەریان نەوی کرد ،لە بەردەم سەربازو ئەفسەرانی سوپای
تۆتالیتاری عێراق ,بە دیلی و بێ دەنگی بێ، پەلەپیتکە ی پێشمە
رگە لە سەربازگەکانا کەڵەکە کران ، لە ناخ وچاوانی پێشمەرگەو خە
ڵک دا بە قەد لوتکە ی چیاکان ، خەم وئازاری ئاش بەتاڵ دەچوو بە
گژ ئەو مێژووەدا ،کە چارەنوسی میللەتێکی ئاوا بەرەو نادیارده
برد..لە رۆژانی دوای هەرەس ، جارێکی تر داستانی نوێ ی سەردەم
، لەنێومەرگەساتە تێک شکاوەکان دا ، لە سەردەست و گیان وبە
خوین و رۆحی مرۆڤە زەحمەت کێشە کانی ، ئەم نیشتیمانە سەری
هەڵدایەوە،

ئەو رۆژانە پێشمەرگەیەک لەو پێ دەشت و گردۆڵکانەی گەرمیانە
وە، سەنگەر بە سەنگەر هەموو نیشتیمانی تەی کرد ، هەموو رە
بایە وسەربازگەکانی لە سەربازو ئەفسەرەکانی کرد بەدۆزەخ
،داستانی نوێ ی سەردەمی تۆمار کرد،
تەنانەت هەموو سەربازو ئەفسەرەکانی سوپا بەرەفیق و نەسیرەوە
بە
ئەمن و ئیستیخبارات وموخابەراتەوە ،پیان دەوت [ ریشە ، الرجل
الحديدی].

دەبێت بیسەلمێنم من کێم
ئێوارەیەکی هاوێنی 1995 رووم کردە گەرەکی سەرشەقام ،لە بەردە
م خانویەکی 100 مەتری کۆن دا ، پورە هەیبەت ئەحمەد خدری دایکی
شەهیدی فەرماندە مامە ریشەم بینی . لە بەر کەم تینی چاوەکانی
چاویلکەی لە چاوا بوو ، بە مەلولی دانیشتبوو ، خەمی زەمانە پشتی
چەماندبۆوە ،پرسیاری زۆرم رووبەرووی کردەوە ،بۆ ئەوەی دیمەنە
کانی سەردەمی زووی [تاڵەبان] و مامە ریشەم بۆ باس بکات ، هە
رچەند دوانم ، بەڵام لە چەند وشەیەیەک زیاتری نەدرکاند:

[رەیشە بە منداڵی زۆر بزێو بوو،دانیشتنی نەدەزانی ، هەموو تەمە
نی منداڵی رەنج وزەحمەت و شوانی بووهاورێکانی زۆر خۆش دە
ویست، زۆر جار ئەگەر کارێک یا گوێلکێک دیار نەبوایە ، شەو بێ
سڵ کردنەوە،هەموو گردۆڵکەکانی
دەورو بەری ئاوایی تەی دەکرد ،تا نەیدۆزیبایەتەوە ،سرەوتی نەدە
گرت ،ئەو کاتەی ویستی ببێ بە پێشمەرگە ،رۆژێک پێی وتم:-گەر
کوڕی خۆت تێدا نەچێت ،ئەبێت رۆژێ لە رۆژان ئەم گردۆڵکەو شیو
دۆڵانە لە دوژمن بکەم بە دۆزەخ،

پێم وت : -[ کوڕەکەم ئێمە لە بەردەم ژیانێکی یەکجار سەخت وپڕ
لە کوێرەوەری داین ، هەموو ژیانمان هەر نەهامەتی بووە ، ئەوەی
تۆ دەیڵێیت لە گەڵ دژوارییەکانی ژیانی ئێمەدا ناگونجێت]،

ئەوە بوو رووی کردە لای پێشمەرگەکانی گەرمیان ،باوکی و فەخرە
دینی برای چوون بە شوێنی دا ،چەند هەوڵیان دا لە گەڵی دا ، بە
قسەی کەسی نەکرد و نەگەڕایەوە،

ماوەیەکی هیچ سۆراخێکی نەبوو،دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی گە
رمیان گرتبوویان ،ئەشکەنجەی زۆریان دابوو ، گەڕایەوە بۆلام
وتی:[هەرچەندە بە هەڵە لە من گەیشتون . ، هەموو جەستەمیان
لە خوین دا سوور کردوم.بەڵام هەردەبێت بیسەلمێنم من کێم و دە
بێت ببم بە پێشمەرگە..
هەر دەبێت گورگەکە بیدۆزمەوە

نەجمەدین لە منداڵییەوە گورج و گۆڵ بوو ،حەزی لە یاری کردن
بوو.لەکاتی یاری کردن دا ، هەرگیز بەهاوێکانی نەدەوت من لەسە
ر کێم ،هەر دەیگوت -کێ لە گەڵ من دایە.،حەزی لەیاری [شەق
،هەلوکێن،هەڵماتێن ،بازبازێن ،چاوشارکێ] دەکرد،گەر هاوڕێکانی بد
ایە یاری دەکەن،

حەزی نەدەکرد ،لە نزیکیانەوە بوەستێت و سەیریان بکات ، یاری یە
کەی لێ تێک دەدان ،هەندێ جاریش شەڕی دەکرد ،دەبوایە جارێکی
تر یاری یەکە بکەنەوەوخۆی چۆنیەتی یاری یەکەی دەست نیشان
دەکرد،لە کاتی یاری یەکەدا هەموو هەست وهۆشی لای یاری یەکە
بوو،گەر بیزانیایە یاری یەکە دەدۆڕێنێت ،یاری یەکەی تێک دە
دا،چونکە منداڵانی ئاوایی چاوەروانی ئەوەیان لێ نەدەکرد .

زۆریان پێ خۆ ش بوو ،پیان دەوت :[نەجە دۆراندی] ، لە زۆربەی یارییەکاندا براوە بوو ،هاورێکانی بریتی بوون لە :(ئەحمەد شەریف ،حەسەن کەریم.وەهاب رەشید،عومەری خالّی ، رۆستەم قادر ،رەحما نی حاجی قادر ،جەمال پورزای)

گەر نەجمەدین لە گەڵ هەر کەسێکا شەڕی ببوایە،زمانی دەگیراو یەک وشەی بۆ نەدەوترا،پەلاماری دەداو تەختی زەوییەکەی دە کرد.،کەس نەیدەوێرا زۆرانبازی لە گەڵدا بکات،مام شوکوری باوکی جوتیارێکی زەحمەت کێش بوو ، مەڕومالاّتی بەخێو دەکرد ،حەزی لە کلاّو کلاّوێن بوو ، گەر یارییەکەی بدۆرانایە .نەجمەدین پێ ی ناخۆش بوو ،بە باوکی دەوت :

-دەبێت شەوی داهاتوو یارییەکە ببەیتەوە.

نەجمەدین لە7 ساڵییەوە شوان بووە،ئێوارەیەکی درەنگ گورگێک لە زەوی [دۆڕێ] پەلاماری گۆلکێک دەدا و دەیخوات ،ئەویش ئەو رووداوەی زۆر پێناخۆش دەبێت ،دەست دەکات بەگریان .روو دەکاتە وە گوندەکەیان ومندالاّنی ئاوایی کۆدەکاتەوە ،هەر یەکەیان بە چە قۆو داسێکەوە ، بەو شەوە زەنگە روو دەکەنە ئەو شیوو دۆڵ وگردۆڵکەو لاپالاّنەی دەوروپشتی تاڵەبان ،دوای بە منداڵەکان دە ڵێت:

-ئێوە ماندوو بوون بگەڕێنەوە ،شەویش درەنگە ، من هەردەبێت ئەو گورگە بدۆزمەوەو بیکوژم.

نەجمەدین ماوەیەک لە گوندی قۆرەتە شوانی ماڵی مام هیدایەت بووە ،

رۆژێکیان باوکی دەچێت بۆ سەردانی کورەکەی مام هیدایەت دەڵێت [زۆر سەیرە کەس ناوێرێت قسە لە گەڵ کورەکەتا بکات ،ئەو خۆی بە خاوەن ماڵ دەزانێت]. نەجمەدین سەگێکی هەبوو وای راهێنابوو ،گەر شە ڕی لە گەڵ هەر کەسێکا ببوایە ، سەگەکە یەکسەر پە لاماری ئەو کەسەی دەدا ،

زۆر شەو نەجمەدین لە گەڵ رەحمان باوەڵدا بە لۆکس و لایتی دە ستیەوە دەچوون بۆدەوروبەری گوندی [ قرخ و دارتوو و چنگی ]بۆ ڕاوە سێسکە ، کە بەیانیان دەگەڕایەوە ،

هەموو ئەو سوێسکانەی کە راوی کرد بوو،دەیبەخشی بە خەڵکی ئاوایی کەیان،خۆی گۆشتی نەدەخوارد. زۆر حەزی لە گۆرانی بوو گەر یەک سەعات گۆرانی بگوتایە زمانی نەدەگیرا ،

بەلاّم لە کاتی قسە کردنا کەمێک لاڵ دەبوو، هەندێ جاریش لە زە ماوەندا هەڵدەپەڕی .

نەجمەدین شوکر رەئوف ناسراو بە مامە ریشە لە1957 لەگوندی تاڵە بان سەر بە ناحیەی چەمچەماڵ لەدایک بووە،هەموو تەمەنی منداڵی شوانی وپالەیی بووە،لە سەرەتای حەفتاکان دا رووی کردوە تە کورە گەچەکانی قۆرتەی لای چەمچەماڵ و جەبەل بۆری کەرکوک کاری زەحمەت و تاقەت پروکێنی کردووە لە 1973 لە گەڵ خەڵکی چەمچەماڵ ناوی خۆیان بۆ فیدایی فەلەستین لە چە مچەماڵ تۆمار کردوەو بووە بە فیدائی فەلەستین . لەشەرێک د ا لە جۆلان [ئەسعەد محەمەد هەولێری ] دەبێت بە هاورێی و لە شەرە دا ئەسعەد شەهید دەکرێت، نەجمەدین لە بەر ئازایەتی خۆی بریندار دەکرێت دواتر خەلاّتی دەکەن ،دەگەڕێتەوە بۆ تاڵەبان ، دە ست دەکات بەکرێکاری لە کەرکوک..



# حەقیقی و حافز
# ناسری حیسامی

مەبە بۆ تاعەت و پەیمانێ بە هیوای منی مەست
کە بە مەیخۆرەوە ناسراوم ئەمن رۆژی ئەلەست
من لەسەر کانیی ئەوین ئەو دەمی دەسنوێژم شوت
لە هەموو بوون و نەبوونێکی جیهان شوشتم دەست
بدە مەی تاکوو لە ئەسراری قەزا تێتگەیەنم
کە ئەمن عاشقی کێ بووم و لە بۆنی کێ مەست
کێو وەکوو نێوقەدی مێروولە زەعیفن لێرە
ناهومێدی کەرەمی خوا مەبە ئەی بادەپەرەست
غەیری ئەو چاوە خومارانە کە دوور بن لە بەلاّ
لەبن ئەو گومبەزە نەیکردووە کەس خۆشی هەست
گیان فیدای ئەو دەمە بێ وا لە گوڵستانی وجوود
خاوەنی باغی جیهان جوانتری لەو خونچە نەبەست
وەک سولەیمان بوو بەهۆی دەوڵەتی عیشقت (حافز)
چونکە وەسڵی نەبوو لەو دەوڵەتە، بای ماوە بە دەست

ئەمە شیعری حافزە و مامۆستا حەقیقی کردوویە بە کوردی. وەرگێڕانەکەی مامۆستا حەقیقی یەکجار جوانە. ئەم وەرگێڕانە، ئەگەر نەڵێم بێوێنەیە، بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین وێنەی دەگمەنە. چەند ئاماژەی تێدان کە جێگای ئەوەن زیاتریان لەسەر بوەستین.

دەسنوێژ و دەستشوشتن

من همان دم که وضو ساختم از چشمهٔ عشق
چار تکبیر زدم یک سره بر هر چه که هست

بۆ ئەوەی باشتر لە مانای شیعرەکە بگەین پێویستە بزانین "چارتکبیر زدن" یانی چی. "چارتکبیر" مەبەست ئەو نوێژەیە کە موسوڵمانانی ئەهلی سوننەت لەسەر مردووی دەکەن. "چارتکبیر" لێدان لە بابەت هەرشتێک مانای ئەوەیە ئیدی بە تەمای ئەو شتە نەبی، بە نەبووی دابنێی و چاوپۆشیی لێ بکەی. حافز دەڵێ: من هەر ئەو رۆژەی لە سەرچاوەی عیشق دەسنوێژم هەڵگرت، نوێژی مردووم لەسەر هەموو شتێکی ئەم دنیایە کرد و بێجگە لە عیشق هەموو شتێکی ئەم دنیایەم بە نەبوو دانا. لە نێوان "دەسنوێژهەڵگرتن" و "نوێژکردن"دا پەیوەندێک هەیە. ئەگەر وەرگێڕی ئەو شیعرە لە جیاتی "چارتکبیر" یان "نوێژی مردوو" هەر شتێکی دیکە دابنێ کە ئەو پەیوەندەی لەگەڵ "دەسنوێژ" نەبێ، ئەو جوانییە لە شیعرەکەدا نامێنێ.

مامۆستا حەقیقی، ئاوای کردووەتە کوردی:
من لەسەر کانیی ئەوین ئەو دەمی دەسنوێژم شوت
لە هەموو بوون و نەبوونێکی جیهان شوشتم دەست

واتە لە جیاتی "چارتکبیر" یان "نوێژی مردوو"، "دەست شوشتنی"داناوە. دەڵێ: هەر ئەو ڕۆژەی لە سەر کانیی ئەوین دەسنوێژم هەڵگرت، دەستم لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە شوشت. لێرەدا پەیوەندەکە بووەتە پەیوەندی "دەسنوێژهەڵگرتن" (کە تێیدا دەست دەشۆن) و "دەست شوشتن" لە دنیا. پڕاوپڕ هەموو مانای شیعرەکە دەگەیەنێ بە هەموو وردەکارییەکانی لە باری ڕەوانبێژییەوە. لەوە جوانتر نەدەکرا ئەو شیعرە بکرێتە کوردی.

چاو و چاوەزار

بجز آن نرگسِ مستانه که چشمش مرساد
زیر این طارمِ فیروزه کسی خوش ننشست

واتە جگە لەو جووتە نێرگزەی تۆ (چاوت) کە لە چاوەزار بەدوور بن، لە بن تاقی پیرۆزەیی ئاسمان کەس بە خۆشی دانەنیشت. لە نێوان دێڕەکاندا وێکچوونی "تاقی پیرۆزەیی ئاسمان" و "نێرگزی چاو" لە بن "تاقی برۆ" هەیە: نێرگز لە بن تاقی ئاسمان و چاوی تۆ لە بن تاقی برۆت. هەروەها" کە چشمش مرساد" بە مانای "کە چاوی نەگاتێ" بە دوو مانا هاتووە:یەکەم: کە هیچ چاوێک بۆ جوانی نایگاتێ،
دووهەم: نزایەکە کە ئەو چاوانە ئازاری هیچ چاوێکیان نەگاتێ و دووربن لە چاوەزار. ئەو چاوانە کە بێچاوێنی بن.
مامۆستا حەقیقی ئەو دیمەنەشی یەکجار جوان بە کوردی داڕشتووەتەوە:

غەیری ئەو چاوە خومارانە کە دوور بن لە بەڵا
لەبن ئەو گومبەزە نەیکردووە کەس خۆشی هەست.

سولەیمان و با

حافظ از دولتِ عشق تو سلیمانی شد
یعنی از وصل تواش نیست بجز باد به دست

بۆ تێگەیشتن لە مانای شیعرەکە پێویستە بزانین پەیوەندی "سولەیمان" و "با" چییە. لە گێڕانەوە دینییەکاندا دەڵێن سولەیمان پێغەمبەر کە زمانی ئاژەڵ و باڵندەی دەزانی، فەرمانی با و بۆرانیشی بەدەست بوو. بە فەرمانی ئەو با هەڵیدەکرد یان دەوەستا. یانی "با" بە دەستی ئەو بوو.
مەولەوی، (مەولانای ڕۆمی) لە دەفتەری چوارەمی مەسنەویدا بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە لە وتووێژی سولەیمان و با:

باد بر تخت سلیمان رفت کژ
پس سلیمان گفت بادا کژ مغژ
باد هم گفت ای سیلمان کژ مرو
ور روی کژ از کژم خشمین مشو

هەر ئەو "با"یەی جڵەوی بەدەست سولەیمان بوو، هەڕەشەی ئەوەشی لە سولەیمان دەکرد لار ببزووی، منیش لار لێت هەڵدەکەم.
حافز لە شیعرێکی دیکەشدا ئاماژەیەک بەوە دەکا:

در معرضی که تخت سلیمان رود به باد
که آگه است که کاوس و کی کجا رفتند

واتە لەو جێیەی تەختی دەسەڵاتی سولەیمان بەبا چوو. ئیدی کێ دەزانێ کەیکاووس و کەیخوسرەو چییان لێهات؟
"تخت سلیمان رود به باد" دوو مانای هاوکاتی هەیە:
یەکەم: تەختی سولەیمان (قالیچەکەی سولەیمان) کە سواری با دەبێ و بەسەر پشتی باوە دەڕوا.
دووهەم: تەختی دەسەڵاتی سولەیمان، کە بەبا چوو و لەو دەسەڵاتە هیچی نەما و کۆتایی پێهات.
سولەیمان کە تەختی بەسەر باوە دەچوو، دەسەڵاتی بەبا چوو، ئیدی کێ لەوە دەپرسێ دەسەڵاتی فلان و فیسار چی لێهات.
بێینەوە سەر وەرگێڕانەکە. مامۆستا حەقیقی ئاگادار و شارەزای هەرتک باری مانای "با بەدەست" بوونە. وەک سولەیمان "با"م بەدەستە. سولەیمان بای بەدەست بوو بە مانای ئەوە کە فەرمانی با بەدەستی ئەو بوو، منیش بام بەدەستە، بە مانای ئەوە کە تەنیا "با"م بەدەستەوە ماوە و بە وەسڵی تۆ نەگەیشتم و دەستم بەتاڵە و هیچم بەدەستەوە نییە:

وەک سولەیمان بوو بەهۆی دەوڵەتی عیشقت (حافز)
چونکە وەسڵی نەبوو لەو دەوڵەتە، بای ماوە بە دەست

بە چەند وشە، گەیاندنی ئەم هەموو مانایە، دەسەڵاتێکی دەوێ لە چەشنی دەسەڵاتی حافز و حەقیقی.

یادی مامۆستا حەقیقی بەخێر

هێژا کاک ناسری حەقیقی ئەو ڕوونکردنەوەیەی لە بابەت وەرگێڕانی سەد غەزەلی حافز ناردووە کە مامۆستا حەقیقی باسی ئەوە دەکا چۆن بوو دەستی دایە وەرگێڕانی ئەو غەزەلانە:

.

سپاسی بێ بڕانەوە کاک ناسری خۆشەویست ! بۆ هەڵبژاردن وهەڵسەنگاندن ولێکدانەوەی ئەم داڕشتنە کوردییە ڕەوان ودەقاودەقەی حەقیقی بۆکانی لە یەک لە غەزەلە نایابەکانی حافزی شیرازی. بەچاوخشاندنێک بە ناو کۆمێنتەکاندا ڕادەی خۆشەویستی و دڵسۆزیی ئەو بەڕێزانە بۆ زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان ڕوون و ئاشکرا دەبێ. هەر بۆیە پێمخۆش بوو لێرەدا بۆڕێزلێنان لەم گشتە کۆمێنتە جوانە، بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو سەدغەزەلەی حافز بەکورتی بخەمە بەردید ونەزەری بەڕێزیان.
ساڵی 1365ی هەتاوی واتە 1986ی زایینی ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئێرانی لەتاران هەوڵی دۆزینەوە و چاپی هەڵبژاردەیەک لە وەرگێڕاوەکانی حافز بە زمانانی بێگانەدەدا. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران دەکەن تا شاعیرێکیان پێ بناسێنن کە توانای وەرگێڕانی دەغەزەلی هەبێ بۆ چاپ لە نێو کتێبێک بە ناوی حافزی سی زمانە. کۆمەڵەی کوردی، مامۆستا هەژار پێشنیار دەکەن کە ئەوکات ماڵی لە کەرەج بوو. مامۆستا هەژار پێیان دەفەرموێ گونجاوترین کەس بۆ ئەم کارە مامۆستاحەقیقی یە وئێوە دەتوانن لە ڕێگەی ناوەندی چاپ وبڵاوکردنەوەی سەلاحەدین لەورمێ کە مامۆستا خۆشی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتی، پێوەندی پێوە بکەن. ئەوە کەنگێ؟ کاتێک مامۆستا حەقیقی تەمەنی لە ژوور 86 ساڵە. تەمەنێک کە شاعیر زۆربەی لەنووسین دەکەون و لە شیعر دەچنەوە. مامۆستا وەک بۆخۆی باس دەکا، دەفەرموێ ئەگەرچێ ئەوکارە زۆرلام گرنگ وچەتوون بوو بەڵام دڵی ئەندامانی سروە ودنەی دۆستان وئەوینی حافز دەستیان دایە دەستی یەک و بەو پیرییە لەبەرابەر حافزدا ڕایانگرتم وبە پشتگەرمی ئەوان ملم لەبەرملی نا ودەغەزەلەکەی ویستی ئەوانم لە ماوەیەکی کەمدا وەرگێرا و ڕەگەڵ زمانانی دی کەوت. ئیدی من پاڵم لێداوە و بەتەما نەبووم درێژە بەوکارە بدەم کەچی دیم مەسەلی کورد وەدی هات کە دەڵێ :
بەکورد بدەی پیازێ دوان دوانت لێ دەخوازێ.

# بەڕاست نیشتمان هی هەمووان بوو




سروە نوری ئەزیز

ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو چرپەی مرۆڤە، تووڕەیی بێدەنگیە کاتێک کە ڕاستی دەدوێت.ئەو "تاوە ئەستێرەیەیە کە هەستی ڕۆشنایی هەموو ئەستێرەی" ئاسمانی ئەدەبت دەداتێ.

هەندێ کتێب هەن هەر لە لاپەڕەی یەکەمیەوە هێشووی وشەکان لە گەردنت دەئاڵێن و لێت دوورناکەونەوە. بە بەردەوامی بە نێو ڕەز و باخی ڕووداوەکاندا دەکەویتە پشکنین و هاوکاتیش نازانیت ئەم تووڵەڕێگایانە بەرەوکوێت دەبەن.

ئەم کتێبە ئاوێنەیەکە سەختی ئازاری وازهێنان لەو خەونانەی ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوونیشاندەدا. ئەو خەونانەی کە وازهێنانیان زۆر سەختره وەک لە بوارنەدان بە خەونبینینیان.

ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو، لە نوسینی هەڤاڵ کوێستانی لە چاپێکی نوێتردا، چاپی پێنجەمدا، کەوتە بەردەست خوێنەران. هەر لە لاپەڕەکانی یەکەمیەوە ڕووداوەکان دەبنە ئاوێنەیەک و مێژووی نوێی نەتەوەکەتی تیادا دەبینی. هەندێجار فرمێسک ئاوێنەکە بەتەواوی لێڵدەکات، هەروەک ئەوەی لەنێو زەریایەکەدا مەلەبکەیت و ناشزانیت شەپۆلەکان بەرەو کوێت دەبەن. هەندێکاتیش خەندە و هیواکانی ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو دەتبەنە نێو جوانیەکانی تێکۆشان و یاخیبوونەوە.

ئەو نەوەیەی کە ئەشقی نیشتمان هەموو جوانی و خۆشی و بەختەوەریەکی ژیانی پێ لەدەستدا، زۆر بە ئاسانی لەگەڵ شەپۆلە ئارامەکانی زەریای بەرینی ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو دەکەوێتە مەلە.

کێ ئەتوانێت ڕووی نیگەرانی و بێ دەسەڵاتی دایک و باوکی خۆی، لە ڕووی دایک و باوکی نوسەردا نەبینێ لەو کاتەی کە "ئەڵقەی نارنجۆکی هەواڵی چوونەدەرەوە" بە ڕوویاندا ڕادەکێشێت. ئەو ئاگرەی نوسەر بەریدەداتە دارستانی هیواوخەونەکانی دایک و باوکی لەکاتێکا ماڵئاواییان لێدەکات، هەر ئەو ئاگرەش جگە لە "زەویەکی سووتەمەڕۆ" بەولاوە شتێکی دیکەی لەدوای خۆیەوە بۆ هیچ دایکوباوکێکی ئەو ڕۆڵانەی، کە نەک هەر خۆی بەڵکو هەموو ئازیزانیشی کردبۆوە قوربانی نیشتمان، بەجێنەهێشت.

ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو بە شێوەیەکی زۆر بابەتیانە زرنگی داگیرکەرانی کوردستان و هێزوبێبەزەیی ئەو دینەی کە بۆتە بەهێزترین ئامراز لە چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی گەل و وێرانکردنی نیشتماندا، نیشاندەدات.

لە لاپەڕەی 18 و 19 دا نوسەر بەشوێن سمی ئەسپەکانی لەشکرەکەی قەعقاع دا دەمانباتە نێو دۆڵی ئەسحابان و شەڕی نێوان عەرەبە موسڵمانە داگیرکەرەکان و جەنگاوەرانی کورد. بەڕاستی بەزەیم بە گەلەکەمدا دێتەوە لە کاتێکا "گۆڕی ئەسسحابان" بە پیرۆز دەزانرێت و سوجدەی بۆ دەبرێت و گۆڕی جەنگاوەرانی کورد، ئەو تێکۆشەرانەی کە بەرگرییان لە خاک و خەڵکی خۆیاندەکرد بە کافر دەناسێرین و بەردباران دەکرێن. زرنگی داگیرکەرانی کوردستان واتلێدەکات کە سوجدە بەریت بۆ هێزوبێبەزەیی ئەو دینەی کە تێکۆشەرانت بە کافران پێدەناسێنێت. ئەوەی کە جێگایداخ و نیگەرانیە، مەلا و زانائاینیەکانی کوردستان دەسەڵات و توانای خۆیان لە هاندانی هەستی نیشتمانپەروەری و بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان بەکارنەهێناوە و بەکارناهێنن. بە پێچەوانەی مەلاکانی دەوڵەتەداگیرکەرەکانی کوردستانەوە کە هەمیشە بەرگری لە دەسەڵاتی دەوڵەتەکانی خۆیان دەکەن، تەنانەت کوردکوشتنیش لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە حەڵاڵ دەکەن.

لە لاپەڕەی117 ئەم کتێبەدا بە خێزانە بەختەوەرەکەی مام ئەحمەد و پوورە کەسکێ ئاشنادەبین. ئەم خێزانە لە ژوورێکی بچوکی قورینەدا لە زەڵێ دەژین. ژوورێک، یا ڕاستر کوخێک کە خاڵیە لە هەموو ئاسانکارییەک بۆ ژیان و کارونیشی ڕۆژانە هاوکات ماڵێکی گەورە لێوانلێوە لەگەرمی و خۆشەویستی. ئەو ماڵەی، ئەو نەوەیەی نیشتمانی لە هەگبەی کۆڵیدا دەگێرا بێبەشکرابوو لەو بۆنەی کە ئارامی و دڵنیایی بە ڕۆحی دەدا.

ئەوەی کە جێگای سەرنج و تێروانینە، ئەم خێزانە کە لە سنووری ئەو چیایانە، دوور لە شار و شارستانیەت دەژیان، بە شێوازێکی مرۆڤدۆستانە بۆ هاوسەرگیریی کچ و کورەکانیان دەنواری. لە کاتێکا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە وەک ڕێکخراوێکی مارکسی - لینینی خۆی دەناساند، بیرۆکەی عەشایەری و تێروانینی دینی و کۆنسەرڤاتیزم بەرامبەر کچان و ژنان زۆر سروشتی بوو لەلایان.

مام ئەحمەد و پوورەکەسکێ نەخوێندەوار بوون، لە نێو دۆڵێکدا گەورەببوون و هەر لەوێشدا ژیانیان دەگوزەراند، مەودای بیرکردنەوەیان سنووری دۆڵی زەڵێ یان جێنەدەهێشت، هاوکات جوانترین شێوازی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە و لیبراڵیان بۆ چارەسەری کێشەی دڵدارودڵخواز پێرەودەکرد. چەند جوان و چەند بە سادەیی و بێکێشە چارەسەر، بۆ گرفتێکی کۆمەڵایەتی، کە لای زۆرینەی خەڵکی کوردستان گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتیە، دەدۆزنەوە.هەر بە هەمان شێوەی مینە کاتێک ژنەکەی ڕەدوو دەکەوێ بەهیچ شێوەیەک بیرلە ئازاردان ناکەتەوە. بەڵکو هەوڵدانیان هەمیشە بۆچارەسەرێکی ئاشتیخوازانەیە بۆ پەسەندکردن و لەیەکترنزیکبوونەوە. لە کۆمەڵگە مرۆڤدۆست و دیموکراسیەکانداسەخترین سزا لە کوشتنی مرۆڤدا پەیرەودەکرێت. لە وڵاتی ئێمەدا سەخترین سزا لەسەر خۆشەوسیتی پەیرەودەکرێت. خۆزگە لە کوردستانەکەی من و تۆشدا و لە هزری هەموو دایکوباوکێکدا، چارەسەری کێشەی دڵدارودڵخواز ئەو چارەسەرەی مام ئەحمەدو پوورەکەسکێ هەڵدەبژێردرا و لاوان و گەنجان چیتر ژیانیان لێنەدەکرایە دۆزەخ.

## کاتێک شاعیر مل لە چەقۆ دەسوێ!



لە ڕوسییەوە:
شیروان مەحموود محەممەد

ساڵی 1933 پاش ئەوەی ئۆسیپ مەندلشتامی شاعیر دەبێتە شایەتحاڵی ئەو برسێتی و نەهەماتییەی سیاسەتەکانی ستالین بە سەر خەڵکی وڵاتەکە و بە تایبەتی خەلکی ئوکرایانیادا هێنابوو و، پاش ئەوەی تێرۆری ستالین و ڕاوەدوونان و کوشتن و برینی نەیارەکانی و هەرکەسێک سووسەی پابەند نەبوون و کەمیی دڵسۆزی لە ئاست " باوکی گەلان" دای لێ بکرایە، گەیشتە لووتکە، مەندلشتام چیتر ناتوانێ

دەهۆنێتەوە.

مەندلشتام بەوەشەوە ناوەستێت کە ئەو هۆنراوەیەی نووسیوە، بەڵکو بۆ هاوڕێکانیشی دەخوێنێتەوە. یەکێک لەوانە بۆریس پەسترناک دەبێت، کە هەر گوێی لە هۆنراوەکە دەبێت بە مەندلشتام دەڵێت: " ئەمە نە شیعرە و نە ئەدەبە، ئەمە کردەیەکی خۆکوژییە. من نە خوێندومەتەوە و نەگوێشم لێ بووە، تکاشت لێدەکەم بۆ کەسی تری

شاعیر گوێ لەو ئامۆژگارییە دۆستانەیە ناگرێت و لە هەر شوێنێک هەلی بۆ هەڵکەوێت شیعرەکە دەخوێنێتەوە و نکوڵیش لەوە ناکات کە خۆی نووسیویەتی، ئەمەی خوارەوەش وەرگێڕداوی ئەو شیعرەیە:

ئێمە دەژیین و هەست ناکەین بەسەر خاکی وڵاتەوەین
لە دە هەنگاو بەولاوە کەسێک گوێی لە قسەکانمان نییە

پەنجە ئەستوورەکانی، چەشنی کرم، چەورن
وشەکانی، وەک کێشی حەوت حۆقەیی، بە سەنگن (1)
سمێڵە قالۆنچەییەکانی دەخنێنەوە
لاسکی پۆستاڵەکانی دەبریسکێنەوە
باندێک سەرکردەی ملباریکیش بەچواردەوریدا دەخولێنەوە
ئەویش لە نۆکەریی ئەونیمچە مرۆڤانە سوودمەندە
یەکێکیان فیکە لێدەدات، یەکێکی تر دەمیاوێنێ، ئەویتریش دەگری و دەلوشکێنێ
تەنیا ئەو خۆی بۆی هەیە بگرمێنێ و پەنجەیان لێ بژەنێ
وەک ناڵ ، بە فەرمان لە دوای فەرمانی، جەستەیان بسمێ
کەسێک لە بن ڕانی، یەکێکی تر لە تەوێڵی
کەسێک لە سەر برۆی، ئەوی تریش ڕێک لە ناو چاوی

تووترکە سوورەی شیرینە،(2)

سنگە پانەکەی کابرای ئەسیتینە.(3) چەند مانگێک دواتر شاعیر دەگیرێ و دووچاری لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان دەبێتەوە و نەفی دەکرێ بۆ چیردین لە ناوچەی ئۆرال و پاش ماوەیەک پەسترناک بۆی تێدەکەوێ و دەیگوێزنەوە بۆ شاری ڤارۆنیژ . بەلام لە ئایاری 1938 دەگیرێتەوە و لە مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵدا لە کاتی گواستنەوەی بۆ گرتووخانەیەکی ترلە ڤلادیڤەستۆک گیانی لە دەست دەدا. بەڵام تەرمەکەی تا بەهاری ساڵی

ئەو هۆنراوەیەی کە مەندلشتام گیانی لە سەر دانا، ئێستا بە یەکێک لە دیارترین نموونەکانی هۆنراوەی "هەجوو"ی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت و ژمارەیەکی زۆر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە. دەڵێن یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە شاعیریان یەکسەر گوولەباران نەکردووە ئەوەبووە کە خودی ستالین هۆنراوەکەی بە دڵ بووە، چونکە سەرباری ئەوەش کە وێنەیەکی قێزەونی نەخشاندووە بەڵام هێزی بێ سنووری ئەو و

غروری دیکتاتۆری لاواندۆتەوە! 1 .شاعیر لە شیعرەکەیدا بۆ وەسفکردنی سەنگی وشەکانی دیکتاتۆر وشەی" پوود" ی بەکارهێناوە کە یەکەیەکی کێش بووە لە رووسیادا و بەرامبەر 16 کیلۆ بووە ، شتێک کە نزیکی ئەو کێشەبێت لە کوردیدا حەوت ( یان شەش) حۆقەیە منیش ئەوەم داناوە هەرچەندە زۆر بە دڵیشم نییە. بەڵام حۆقە یان هۆقە کە بۆ شتێک بەکاردەهێنرێ هەمیشە نەغمەیەکی نەرێنی تیایە، چەند جار بۆ تانەدان لە ئافرەتێک

چێشتەکەوە!

2 .لەو دێرەدا شاعیر دەیەوێ بڵێت کە ستالین هەر حوکمێکی دابێت کە لە سێدارەدان کەمتر بووبێت بەلای خەڵکەوە وەک " مالینا" وایە، مالیناش تووترکە سوورەیە. لە ڕووسیادا تەعبیرێک هەیە کاتێک کە لە ژیانی خۆیان یان لە شتێک زۆر ڕازین دەڵێن" ژیان نییە، مالینایە"..واتە هێندە باشە تامی تووترکە سوورە دەدات. بەڵام وشەی مالینا لە ژارگۆنی دزوجەردەکانیدا بەو شوێنەش دەگووترێ کە بنکەی دزەکانە و پاش دزی و

وشەیەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ڕابردووی ستالین وەبیربهێنێتەوە کە شەش جار گیراوە و تەنیا جارێکیان لە سەر سیاسەت بووە ، جارەکانی تر گوایە لە سەر دزی وتالانی بووە .

3 .شاعیر، جارێک ستالین بەشاخنشین و جارێکیش بە ئەسیتین ناو دەبات. چونکە ستالین ڕووس نەبووە و خەڵکی ناوچەیەکی شاخاوی جۆرجیا بووە. ئەسیتینیش بەکەسێک دەگوترێت کە خەڵکی ناوچەی "ئەسیتیا" بێت ، کە

ئەم تانەلێدانەی مەندلشتام لای زۆر کەس جێگای قبوڵکردن نییە، بەو پێییەی بۆنی جۆرێک ڕاسیزمی لێدێت. تەنانەت دەڵێن کە پەسترناک گووتویەتی چۆن ئەو ڕێگای بەخۆی داوە، وەک سووکایەتییەک، ئاماژە بەڕەچەڵەکی ستالین بکات، لە کاتێکدا مەندلشتام خۆی جوو بووە و دەزانێت کە خەڵکی چۆن سەیری ئەوانە دەکەن کە بە ڕەچەڵەک جوون، بێ

تێبینی: من سێ هەفتەیەک دەبوو ئەم شیعرەم وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی و دوو دڵبووم لەوەی ئایا بڵاوی بکەمەوە یان نا. بەڵام دوو ڕۆژ لەمەوبەر بینیم کە مامۆستا جەودەت هوشیار وەریگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی، و لە فەیسبووکدا بڵاوی کردبووەوە . ئیتر گووتم بۆ دەبێت خوێنەری کورد لەم دەقە بێ ئاگا بێت و منیش بڕیاری بڵاوکردنەوەی




## ئازایەتی کچانی ڕۆژئاڤا
## لە یەکێ لەکتێبە بەناوبانگەکانی 2021

کولتوری زەمەن

کتێبی (کچانی کۆبانی، چیرۆکی یاخیبون و ئازایەتی)بە یەکێ لەو کتێبە بایەخدارانە هەڵبژێرا کە لەریزبەندی 12 کتێبی بەناوبانگدا، کە دەزگایەکی گەورەی کتێب لە ئەمریکا پێشنیاری کردووە، لەم ساڵدا خوێنەران بیخوێننەوە.

و نوسەرەکەشی خانمە ڕۆژنامەوان و نوسەرێکی ئەمەریکیە، بۆ نووسینی ئەم کتێبەی ماوەی ساڵێ لەگەڵ شەڕڤانان لە ڕۆژئاوا

کتێبی (کچانی کۆبانی، چیرۆکی یاخیبون و ئازایەتی) نووسینی خانمە نوسەر و ڕۆژنامەڤانی ئەمریکیی گەیلی لێمۆنە. گەیلی لیمۆن، نوسەری ئەم کتێبە، لەبارەی کتێبەکەیەوە، دەڵێت: (خۆشحاڵم کتێبەکەم لەناو ئەو 12 کتێبەدا هەڵبژێراوە، کە دەزگایەکی گەورەی جیهانی کتێب لە ئەمریکا پێشنیاری کردووە، خوێنەران لەمساڵدا بیخوێننەوە. بە بڕوای خۆم ناوەڕۆکی کتێبەکەم بۆ خوێنەر کاریگەر و بایەخدارە. بۆ نووسینی

ئەوان سیمبولی ئازایەتی و جوامێرین، سەرسامبووم بە ئازایەتی و کۆڵنەدانی کچان و ژنانی رۆژئاڤا



# نالی و چین

سەردار عەزیز

نالی شاعیر لە شیعرێکدا باس لە چین دەکات. لەم شیعرەدا نالی دەربڕی ئەو ئاگاییە کە لەو سەردەمەدا لە ئارادبوە دەربارەی وڵاتی چین. هەرچەندە شیعرەکە دەربارەی وڵاتی چین نیە بە تایبەتی، بەڵکو یارییەکی زمانەوانییە بە وشە و ناوی چین. نالی دەنوسێت: خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین، کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین. بڕۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین. ئەمەندە چینە، قوربان، پێم

ئاگایی ئێمە لە مێژودا دەربارەی وڵاتێک بە ناوی چین. لە شیعرەکەدا چین و ماچین پێکەوە هاتوون. هەتا ئەم دواییەش وەهام دەزانی ئەم چین و ماچینە، بەشێکە لەو تەکنیکی زمانی نەنوسراو، وەک شیعر و میعر و بزن و مزن و ژن و من و زۆری تر. ئەم تەکنیکە بۆ ئەوە داهێنراوە هەتا بە ئاسانی ئەزبەر بکرێت، چونکە نوسین بەشێک نەبوە لە کەلتور. بەڵام پاش کارکردن لە سەر چین بۆم دەرکەوت ماچین مێژوییەکی

بەڵام لە شیعری سۆفیگەری تایبەت بە مەحبوبەدا هیچ جێگایەک خۆش نیە بەبێ ئەو. شیعری سۆفیکەریی و خۆشەویستی کوردی بە گشتی دەربڕی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و دەرونیە نەخۆشەیە کە ڕێگە بە گەیشتن بە خۆشەویست نادات. بەڵام ئەمە بوار و باسی ئێمە نیە ئەمڕۆ. چین لە ئەدەبیاتی گشتی ناوچەکەدا وەک شوێنێکی دوور دەبینرێت. شوێنێک کە گەیشتن پێی سەخت یان مەحاڵ بێت. ئەمە لە کاتێکدا سەردەمێکی

دەڵێن ڕێگا یان ڕێگاکانی ئاورێشم. چین ناوێکی سەیرە. وەها دەردەکەوێت یان وەها ناسراوە کە ناوێکی دێرین بێت. بەڵام بە گشتی ناوێکی نوێیە. ئەوەی باوە ئەوەیە کە ناوی چین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی چینگ. لە ڕاستیدا چینگیەکان چینی نەبوون، لە ناوەوەی ئاسیاوە هاتبون و ئەو سەرزەمینەی کە بە چین ناسراوە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتەکەیان. بـ هەیتۆن لە کتێبە نوێکەیدا بە

وەک ناوی شوێنێک تەنها لە ئاگایی بیانییەکاندا هەبوو، نەک چینیەکان خۆیان. ئەم پرۆسەی داهێنانە تەنها چینیەکان نەیانکردوە بەڵکو هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە ئیمپراتۆریەتەوە گۆڕاون بۆ دەوڵەت نەتەوە هەوڵی ئەم فێڵەیان داوە. تورکیا یەکێکە لە نمونە دیارەکانی وەک چیناسی تورکی مارکسی عارف دیرلیک باسی دەکات. ناوی چین یەکەمجار لە

دورات باربۆسا لە ساڵی 1516 وشەی چینی بەکارهێنا و لە ساڵی 1555 ڕیتچارد ئیدن ئەم کارە وەردەگێڕێت بۆ ئینگلیزی. ئەم کارەی باربۆسا 111 ساڵ پێش باڵادەستی بنەماڵەی چینگ دێت بە سەر چیندا. ئەو ماچینەی کە نالی بەکاریدەهێنێت لە مانجیەوە هاتوە. وشەکە لە زمانی چینیدا مانزییە، کە مانایەکی ناشیرینی هەیە و بە مانای بەربەرییە باشورییەکان دێت. ئەم وەسفە لە لایەن هانەکانەوە بۆ ئەوانە بەکاردەهێنرا کە هان

ئەمە لە ئەو سەردەمەدا کە چین دابەشبووبوو لە نێوان بنەماڵەی جین و بنەماڵەی سۆنگ لە باشور. مارکۆپۆلو مانزی کردوە بە مانجی و لە ڕێگەی ئەوەوە گەشتوەتە ئەوروپا. وەها دیارە ئەم ناوە لە ئەوروپاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتوە، وەک زۆر ناوی تر. مێژوی ئەم ناوە چەند خەسڵەتێکی مێژو و کەلتور و جوڵەی مرۆیی و مەعریفیمان بۆ دەردەخات. یەکەم، بەکارهێنانی نالی مانای ئەوەیە ئەو وەک کەسێک

مانایە دێت کە ئەم ناوە بونی هەبوە لە کەلتورەکانی ناوچەکە وەک عەرەبی و فارسی بە تایبەت. دەزانین کە ئیبن بەتوتە بەکاریهێناوە. دووەم، پرۆسەی ناونان و ناسینەوە چۆن بەرهەم هاتوە لە میانەی کەسەکان و کەلتورەکان و زمانەکانەوە. سێیەم، چۆن ئەم مێژوە ئەمڕۆ لە میانەی هەڵکشانی چیندا وەک هێزێکی گەردونی جارێکی تر بەرهەم دێتەوە. لە میانەی کارکردنم لە گەڵ هاوەڵە چینیەکەمدا ئەوەم بۆ ڕون

ئایدەلۆجی و پاشان بۆ خەسڵەتی جۆرێک لە کالاّ و لە داهاتودا دەبێتە یەکەیەکی سیاسی. بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین دەستبەرداری فەنتازیا و ئایدەلۆجیا ببین لە تێگەیشتن لە چین لە قۆناغی سیاسی و ئابوریدا، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لە زلهێزەکانی تر مامەڵەی لە گەڵدا بکەین؟؟ ناو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شوناسەوە. ناوی چین ئەمڕۆ وەها بەرهەم دێت کە دەربڕی خەڵک و وڵات و مێژوو و شارستانی و گەلێک بێت کە

پرۆژەی ناسیونالیزمی چینیە. لە بیرمەندی مارکسی ئێریک هۆبسباومەوە فێردەبین کە ڕابوردو بە پێی پێداویستی ئێستا بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەم دیاردیەیە لە سەدەی هەژدە دادەهێنرێت . ئەمە لە میانەی هەوڵی تێگەیشتنی ئێمە بۆ تێگەیشتن لە چین وەک زلهێزێک گرنگە، چونکە ئەگەر بە ئاسانی تەسلیمی بین ئەوا ئەو تراژیدیایە دوبارە دەکەینەوە کە هەتا ئەمڕۆ لە گەڵ زلهێزێکی وەک ئەمریکادا هەمانە.

دەڵێت دەمەوێت پرسی کورد وەک برینێکی سارێژ نەبوو بمێنێتەوە. برینی سارێژنەبوو دەربڕینێکی شاعیرانەی ناو دونیای پڕ لە ناڵە و بۆڵەی کوردییە، بەڵام لە ئاستی جیوپۆلەتیکیدا هێندە شاعیرانە نیە، بە داخەوە. لێرەدا گەر بە خێرایی ئاماژەی پێبدەم، بیرکردنەوەی شیعری کە بە سەر دونیای ئێمەدا زاڵە بیرکردنەوەیەکی منالآنەیە. ماچین لە میانەی تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ چین تەنها ناوێکی تر نیە، یان دەربڕینێک نیە بۆ

دیدی مەملەکەت ناوەند یان ناوەندی دونیا نیە. بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی ناونان و جیاکاریی و خودبینین و پەیوەندی بە ئەوانیترەوە. ئێمە جۆرێکین لە ماچین بۆ چینی ئەمڕۆ. لە بە زلهێزبونی چیند دەبێت ئێمە بە مێژوو و پرۆسەی میژوگەرێتی و ناسیونالیزمی ئەو وڵاتەدا

بەبێ ئەنجامدانی کارێکی وەها ناتوانین لە ڕەفتاری ئەو وڵاتە تێبگەین. گەر بگەڕێینەوە بۆ شیعرەکەی نالی، ئێمەی چیدی بژاردەی ئەوەمان نیە نەچین بۆ چین. ئەگەر نەشچین، ئەوا چین دێت بۆ لای ئێمە. لە هەمانکاتدا ئێمە بژاردەی ئەوەمان نیە کە مەحبوبە بگۆڕینەوە بۆ چین، چین لە پرۆسەی پەلهاوێشتنیدا خۆی لە هەناو و دەوری ئێمە دەپێچێت. چیدی بیرکردنەوەی سۆفیانە و عاشقانە و سێکسیانە دەردەی ئێمە دەوا

ئێستا و داهاتوو، وەک بنەمایەک بۆ دەسەڵاتی نەرم. بەڵام ئەمیش کوڕی خۆی دەوێت. دەکرێت نالی وەها لێبکەین لە ئەمڕۆدا خەتا نیە بفەرمووی خۆشە چین و ماچین. کە ناچارین بچین چیدی لێرە خۆشەنیە، چینی بێ چین. کراست هەر چین، دەرپێت هەر چین و چین لەسەر چین.







# چوارباخی سلێمانی

شا عەباس لە ساڵی 1598 دا پایتەختی (سەفەوی)یەکانی لە (قەزوین)ەوە گواستەوە بۆ (ئەسفەهان) و چەندین مزگەوتی گەورە و زانکۆ و پرد و کاروانسەرا و گەرماو و باخی تێدا دروستکرد و ئەسفەهانی کرد بە یەکێک لە شارە جوانەکانی جیهان. گەڕەکی (چوارباخ) یەکێک بو

هاوکات (ئەردەڵان)ەکان، کە یەکێک بون لە میرنشینە کوردەکان؛ بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمڕانیان کردو و شاری (سنە) پایتەختیان بو. زۆر لە پێش سەفەویەکانەوە هەبون، هەتا کۆتایی زەمەنی قاجارەکان

ئەردەڵانەکان سەرەتا لەسەر مەزهەبی سونە بون. (خان ئەحمەد خان) میری ئەردەڵان، لە ساڵی 1616 زاینیدا، هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی شا عەباسی سەفەویدا کرد و مەزهەبی خۆی گۆڕی بە شیعە، بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندیە سیاسیەکانی و پاراستنی میرنشینەکەی.
بەڵام زۆربەی خەڵکی سنە و چواردەوری لەسەر مەزهەبی سونە مانەوە.
ئەم هاوسەرگیری و مەزهەبگۆڕینە وایکرد کە شا عەباس پلە و پایەی خان ئەحمەد خانی سنە بەرزکاتەوە بۆ (والی نشین) کە یەکێک بوە لە پلە بەرزەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی.
خوشکەکەی شا عەباسی سەفەوی، پاش هاوسەرگیری و چونە سنە، هەستی بە غەریبایەتی و دڵتەنگی کردوە و بیری ئەسفەهان و

بۆ ڕەواندنەوەی هەستی غەریبایەتی و دڵخۆشکردنی هاوسەرەکەی، (خان ئەحمەد خان)ی میری ئەردەڵان فەرمانی کردوە کە (چوارباخ) لە (سنە) دروست بکەن لەسەر شێوازی چوارباخی (ئەسفەهان).

پاش چەند ساڵێک لە دروستبونی سلێمانی لە ساڵی 1784، چەندین وەستای بیناسازی سنە هاتون لە سلێمانی کاریان کردوە. یەکێک لە کارەکانیان دروستکردنەوەی (چوارباخ) بوە لە سلێمانی، لە ساڵی 1840دا لەسەردەمی ئەحمەد پاشای دوا میری باباندا، چونکە سەرسام بوە بە

واتە دروستکردنی گەڕەکێک لە سلێمانی بە ناوی چوارباخەوە مێژوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەسفەهان کە سەرەتا لەوێ لە سەردەمی سەفەویەکاندا دروستکراوە؛ لەڕێی میری ئەردەڵان و ژن و ژنخوازیەوە گواستراوەتەوە بۆ سنە، لە ڕێی میری بابان و وەستاکانی سنەشەوە

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاری سلێمانی-پایتەختی بابانەکان لە سەرەتای دروستبونیەوە، سەنتەرێکی بازرگانی بووە و پەیوەندی بە سنە و باقی شارەکانی تری ئێرانەوە هەبووە، هاوکات پەیوەندی بە بەغدا و ئیستابوڵ و باقی شارەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیەوە هەبووە. ئێستاش دەکرێت لە ڕێی فیدرالیەتی پارێزگاکانەوە هەمان





بەیار عومەر

# نەمانی بۆشای و تێکچونی سیمای شارەکان







## بەشی یەکەم

بە شێوەیەکی گشتی شارەکانی ئێستا بە فەوزاو قەرەباڵغییە زۆرەکەی و چڕبونەوەترسناکەکەیدا ئەناسرێتەوە بەجۆرێک ناوجەرگەی شارەکان هەڵئاوساون پڕاو پڕ بوون لە بینا و دیوار و تەلار و باڵەخانە بەرزەکان بەهەمولایەکدا کشاون و بەجۆرێک جەنجاڵی و نەبونی جێگا و تەنگ بەیەکتر هەڵچنین لە هەمو کوچەو و کۆڵانەکانی شارەکاندا دەبینرێت.

بەجۆرێک ئەگەر لەکەنارەکانەوە (لێواری شارەکانەوە)بەرەو ناوەوە بڕۆێن نارێکی و فەوزا و جەنجاڵی و چڕبونەوەکان ڕوو لە زیاد بون دەکەن .لەم شارانەدا شوێنێک بۆ گۆڕەپان نەماوە فولکەیەک نەماوە بتوانێ پەیکەرێک لەخۆ بگرێت بۆشاییەک نەماوە بۆ پلازایەک نەمانوە بۆ چالاکی و نمایشە هونەریەکان یان بۆ ئیسراحەت و پشووی ئینسانەکان لەو جەنجاڵییەدا ڕوبەرێکی ئازاد نەماوە باخچەیەکی لەسەر سەوز بکرێت

دیمەنە میعماریەکان هەناسە بدەن بە دەگمەن بینایەک دەبینی بازنەیەکی ئازادو کراوە لە دەوری بێت تا بتوانێت لە دورەوە فەزایەکی کراوە بۆ بینین فەراهەم بکات .بەکورتی بیناسازی نوێ لەسەر لۆژیکی پڕکردنەوەو ئاخنینی شارەکان دروست بوە لەسەر ئەقڵیەتی کوشتنی

بیناسازی نوێ لە زۆرێک لەشارەکانی ئێستاماندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ بیناسازی کۆن ئەقڵیەتی ئەوکاتەدا بەجۆرێک ئەگەر بیناسازی کۆن داگیرکردنی بۆشاییەکان بو بۆ بینای تایبەت ئەوا بیناسازی ئێستا نە ک هەر داگیرکردننی بۆشاییەکانی زەوییە بەڵکو داگیرکردنی بۆشاییەکانی ئاسمانیشە بە باڵەخانە بەرز و بێ ستاندارد و بی پلانەکان بە جۆرێک کە هیچ مانایەک ناهێڵێتەوە بۆ

قەرەباڵەغی و جەنجاڵی شارەکان بەڵکو زۆر جار هیچ مانایەک بۆ سکێڵی ئینسانی و هەیمەنەو سەنگ مرۆڤەکان ناهێڵێتەوە لە شەقامەکاندا کە هەست بە بونی خۆی بکات کاتێک بەسەر

کەواتە مەرج نیە زۆری بیناکان و بەرز کردنەوەی باڵەخانەکان بەسەر شەقامەکاند مانای بەرەوپێش چون و جوانی سیمای شار بدات بەڵکو ئەم باڵەخانە بەرزانە هێندەی تەعبیرلە شوناسی پێناسی کۆمەڵێکی سەرمایەداری پارەدار دەکات نیو هێندە تەعبیر لە بەرەوپێش چونو باشی پلانی شارەکان ناکات بەمانایەکی تر بڵێین ئەم باڵەخانە بەرزو بێ ستانداردانە هێندەی خزمەت با چینی

ئەوە خزمەت بە شارەکانمان و بە دانیشتوان ناکات.



دانیال تاڵەبانی

# بەدیع باباجان

ئا: بەختیار سەعید









1923- لەگەڕەکی (اخ حسین)ی شاری کەرەکو لەدایکبووە.

- 1945 لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد وەرگیراوە لەبەشی شێوەکاری.

بە پلەی یەکەم پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدادی

1939--1949 کە بەسەرەتای بەناوبانگی بەیدع باباجان ئەژمار دەکرێت لەو دەمەی لە گۆڤاری گەلاێژ و گۆڤاری نزار دەست دەکات بەکاری دیزاین و وێنەکێشان تێدایە.

- سەرەتای ساڵانی پەنجاکان لەلایەن مامۆستا عەلائەدین سەجادی –ەوە بانگهێشت دەکرێت تاکو هێڵکاری شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد بکێشێت و دواتریش لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی لەساڵی 1951-1971 چاپ و بڵاوبۆتەوەو شاعیرەکان پێکهاتوون لە (مەلای جەزیری، بێسارانی، ئەحمەدی خانی، نالی ، سالم، مەولەوی، مەلای جەباری، سەی یاقۆ، کوردی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، سالمی

- 1967 لەلایەن بانقی مەرکەزی عیراق-یەوە راسپێردراوە بۆ وێنەی سەر دراوە ئاسنەکانی عێراق و بەسەرکەوتوویی ئەنجامیداوە.

- 1951 سەرجەم وێنەکانی کتێبی ئەلف بێی زمانزانی دیاری کورد ئەمین باڵدار لەلایەن هونەرمەندەوە کێشراوە.

- خاوەنی چەندین دیزاینی بەرگی نووسەران و شاعیرانی کوردە لەوانە (یادگارو هیوا)ی مامۆستا برایم ئەحمەد، هێڵکارییەکانی ناو دیزانی شێخ سەلام، کتێبی (اغانی کوردستان)ی د. مارف خەزنەدار، کتێبی (بۆ کوردستان)ی هەژاری شاعیرو نەخشاندنی هەرێمەکانی عێراق و چەندین پولی پۆستە.



- یەکەمین لۆگۆی یەکێتی نووسەرانی کورد لەلایەن هونەرمەندەوە کێشراوە.

کۆچی دوایی کردووەو لە راشیدیەی بەغدا نێژراوە.





ئەحمەدی خانی

# بەسەرکردنەوە




یەکێکی تر لە تێکۆشەرە دێرینەکان کە مێژوویەکی پڕ سەروەری لە ژیانی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی تۆمار کردووە وە کاراکتەرێکی سەرەکی بووە لە ناو جولانەوەی بزاڤی کوردایەتی کە جێگەی شانازی هەموان بووە ئەویش فەرهاد محەمەد محی یەدین ناسراو بە چەند ناوێکی جیاوازی شۆرش و پێشمەرگایەتی،کاک فەرهادی شەهیدان ،کاک فەرهادی سجن،ئەو یەکێکە لەو تێکۆشەرە ماندوو نەناسە ڕابردوو

و هەست بە بەرپسیاریەتی ئەرکەکانی جێ بە جێ کردووە،ئەوەی کاک فەرهادی لە نزیکەوە ناسیبێ ئەزانێ چەند سادەو بەڕێزودڵفراوان بووە،ئەوخۆشەویستی ناو پێشمەرگەو خەڵک بووە،فەرهاد ئەو تێکۆشەرە خۆنەویستە خۆشەویستە ی ناو هاوڕێکانی بووە،ئەگەر شۆڕش باخچەیەک بوبێت ئەوا دەکرێت بڵێین هەندێ کەس سەوزایی بوبێتن بۆ ئەو باخچەیە کە دڵسۆز بون ، گەر شۆڕش ئاڵایەک بوبێت

فەرهاد ڕوناکی ئەو ماڵە بوە ، پیاوێک کە دەبێت پێشمەرگە ڕاستگۆی و وەفاداری تا ئاسمان دەڕوا ، فەرهاد لە ئاستی خۆیدا باران بوە بۆ

کاک فەرهاد لە ساڵی 1984 هاوسەرگیری لە گەڵ قەدریەخان کردووە بەرهەمیان دوو کورو کچێکە، نابێ پشتیوانی قەدریەخان هەرگیز لە بیر بکەین کە جگە لەوەی ژنی شاخ و پێشمەرگەو مامۆستای شۆرش بووە کۆڵەکەیەکی پتەوی کاک فەرهادیش بووە،.من و کاک فەرهاد دوو هاوڕێ ی نزیکی یەکتر بووین بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین کە دەزگای شەهیدانی ی ن ک دروست کرا ئەو کرا بە مەسئولی دەزگاکە منیش لە

بێسیمی[جیهاز] بهێنم نەقـ  بم، بە بڕیارو نامەی ڕەسمی بە جێگری دەزگای شهیدان دەست بەکار بووم تا ئەو کاتەی کوردستانم بەجێهێشت لە دەزگای شەهیدان بووم کە ماڵ بە ماڵ خۆمان

بیرەوری زۆرم لە گەڵ کاک فەرهاد هەیە پێم خۆشە لێرەدا یەکێکیان باس بکەم دوای شەری سەرکردایەتی و ئەنفالە بەدناوەکان و ڕۆیشتنمان بۆ سنورەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پاش چەند هەفتەیەک کاک نەوشیروان بانگی کردم لە سەقز ووتی بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە ناو شارەکانی ڕۆژهەلاتا بلاو نەبێتەوە زوربەی هێزەکانمان کۆ کردۆتەوە تۆش وەک عەدەد جیهاز لە گەڵ ڕەحمەتی جەبار فەرمان بڕۆ بۆ

هەڵەبجەو جەلیلەو و عەبابەیلێ .... جێگیر بووین ئەو هێزە مەسئول مالیەی نەبوو داوایان لە من کرد بە مووەقەت ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ لە گەڵ برای بەڕێزم کاک ئازادە ڕەش بەهۆی ئەو ڕوداوانەی دوای کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالەکان پارەکانمان تمەن بوو مانگانە ئەمان برد بۆ مقەرەکان و بەسەر پێشمەرگەدا دابەشمان ئەکردئەمە چەند مانگێکی

کاک جەبار ووتی دەورو تەسلیمی لە گەلا بکە ئێمەش پاش هەموو حساباتێک کە تەواومان کرد چەند هەزار تمەنێک زیاد بوو،کاک جەبار
ووتی ئەوە چیە ووتم نازانم ئێمە هەموو ووردەکاریەکانمان کردووە ئەو مەبلەغە زیادە ڕەحمەتی جەبار فەرمان دەستی کرد بە پێکەنین ووتی سەرکەوت بە درێژایی خەبات و پێشمەرگایەتیم کە حسابات و لێپرسینەوە لە مەسئول مالیە کراوە هەمیشە نوقسان و کەمی بووە ئەمە یەکەم جارە زیادەی هەبی،منیش ووتم ئەوە حسابەکەیە هەڵەی

کورتەیەک لە ژیانی ئەم تێکۆشەرە
فەرهاد محەمەد محیەدین لە ساڵی 1958 لە سلێمانی کانێسکان لە دایک بووە،هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە،تا دەرچوی پەیمانگای هونەری بەشی ژمێریاری ساڵی 1980 سلێمانی،کاک فەرهاد لە پاڵ سیاسەتدا وەرزشکارێکی ناوداری کوردستان و عێراق بووە لەساڵەکانی 1973, 74, 75 دا بەشداری پاڵەوانیەتی عراق بووە، بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی، بۆ تەمەنی خوار 18 ساڵ,هەرسێ ساڵەکە دووەمی عراق بووە لەکێشی قورس دا،لە گەڵ چەند هاوڕێ یەکی تردا کە لە دوایدا دەرکەوت زوربەیان لە ناو ڕێکخستنەکاندا کاریان کردووە لە وانە  شەهید ئازاد محمد امین سێ هەم بوو لەکێشی  ناوەندی دا ،شەهید نوزاد محمد امین ڕاهێنەریان بوە،دوهاوڕێی تریشیان کەوەرزش کاری ئەوبەشەبوین، شەهیدبون(ڕێبوار احمدطاپۆ ،ستار محمد هندی) بەشێکی تریشیان بون بە پێشمەرگە
چۆتە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ساڵی 1974

- دوای هەرەسی شۆڕش ساڵی 1975 لە گەڵ شەهید ئاراس مەحمود تۆفیق پەیوەندیان کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو[ی ن ک] وە دوای بەسەر بردنی پەیوەندی فەردی یەکەم کەرتی ڕێکخستن کە کاری تێدا کرد کەرتی شەهید ئەحمەد موهەندیس بوو لە گەڵ خوالێخۆشبوو

- لە ساڵی 1979بە هۆی کاک قادری حاجی عەلی ئاشنا ئەبێت بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی خوێندکاران کە سەرجەمیان کادری کۆمەڵە بوون،دوا کەرتی ڕێکخستن کە کاری تێدا کرد سەر بە کۆمیتەی چواری شەهید شەهاب بوو کە کاک فەرهادو کاک ڕەسوڵی حاجی مەحمود بوو وە کاک قادری حاجی عەلی بەرپرسیان بوو،پاشان لە ساڵی 1981 خەباتی شاری گواستەوە بۆ خەباتی شاخ بوو بە پێشمەرگە لە بارەگاکانی

- بەشداری هەرسێ کۆنفرانسی کۆمەڵەو پلینۆم و کۆنگرەی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە.

- لە ساڵی 1981 تا مانگی 2-1986 لە كەرتەكانی ڕێكخستنی قەڵاتۆكان و سنوری تیپی 43 ئاسۆش كاری كردووە پاشان بۆتە بەرپرسی كەرتی ڕێكخستنی دوكان كە سنورێكی بەر فران بوو لە تیپی مەڵبەندی دوو،تیپی 23 سورداش و تیپی 47 ی پیرەمەگروون .
مانگی 2-1986 بە بڕیاری مەكتەبی سیاسی كرایە بەڕێوەبەری زیندانی لە سەر 18 مانگی 3

پاشان بەرەو ئێران لەوێش بۆ ماوەی چەند مانگێك لە دەزگای دارایی بوو لە گەڵ كاك محەمەد میرزاو كاک خەسرو ئەحمەد.
-دوای ڕاپەڕینە مەزنەكەی بەهاری 1991 سەرەتا لە لێژنەی ئاسایشی سلێمانی و دواتریش لە دەزگای دارایی لە گەڵ برایان كاك نەوزادی

- دواكارو بەرپرسیارەتی لێپرسراوی كۆمیتەكانی شەهید و كەم ئەندام بوو بە هاوكاری هاوڕێكانی تا مانگی 9-1997كوردستانی بە جی هیشت و لە ولاتی نەروێ  وەک پەنابەری سیاسی ئەژی. ئیستەش هەمو خەمیكی لای ئاوەدانی كوردستان و خەڵكەكەیەتی.

# بۆ منداڵان



وانەیەكی بە سوود
گۆڕینی: محەمەد بەرزی
منداڵە خۆشەویستەكان: ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاوێكی بازرگانی زۆر دەوڵەمەند، كوڕەكەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ گەشتێك، مەبەستی باوكەكەش تەنها ئەوەبوو كوڕەكەی لە نزیكەوە چاوی بە ژیانی خەڵكی فەقیر و هەژار بكەوێت. پاش ماوەیەك ڕێگایان گەیشتە گوندێك و چەند ڕۆژێك لە ماڵی خێزانێكی ڕەنجبەری هەژاردا مانەوە، كە هەموویان لە ناو كێڵگەیەكدا سەرقاڵی جوتیاری و بەخێوكردنی

كاتێك لە گەشتەكەیان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، باوكەكە لە كوڕەكەی پرسی: ئەم گەشتەت بە لاوە چۆنبوو؟.
كوڕەكەی لە وەڵامدا وتی: زۆر زۆر خۆشبوو.
ئنجا باوكی وتی: خۆ بە چاوی خۆت بینیت ئێمە چۆن لەژیانێكی زۆر خۆشدا دەژین و خەڵكی هەژار و داماویش چۆن چۆنی دەژین؟.

پاشان باوكی وتی: دەی باشە با بزانم چیی لەو گەشتەوە

كوڕەكەشی لە وەڵامدا وتی: ئەوەی بینیم زۆر شتی فێركردم. ئێمە تەنها یەك سەگمان هەیە، بەڵام ي٘ەوان خاوەنی چوار سەگ بوون.. ئێمە لە باخچەكەماندا مەلەوانگەیەكی پچووكمان هەیە، بەڵام ئەوان چەمێكی درێژی بی كۆتاییان هەیە.. ئێمە خانووەكەمان بە گڵۆپ ڕازاندۆتەوە، بەڵام ئەوان بە ئاسمانەوە ئەو هەموو ئەستێرانەیان هەیە، كە بەشەو دەبریسكێنەوە و تا بەری بەیان بۆیان دەجریوێنن.. ئێمە كۆتایی

بێ سنور حەوشەیانە.. ئێمە لەسەر پارچە زەوییەكی پچكۆلانە دەژین، بەڵام ئەوان تا چاو بڕكات كێڵگەیەكی گەورەی بێ كۆتاییان لەبەردەمدایە.
ئێمە خزمەتكارمان هەیە و خزمەتمان دەكەن، بەڵام ئەوان خزمەتی خۆیان و خەڵكیش دەكەن.
ئێمە دیوارەكانمان دەمان پارێزن، كەچی ئەوان هاوڕێ كانیان

باوكەكەی، هەري٘وەندەی گوێی لە قسەكانی كوڕەكەی بوو ، وا حەپەسا، ئیتر هیچی بۆ نە وترا . پاشان كوڕەكەی سەرلەنوێ بە باوكی وت: سوپاس بابە گیان، كە بۆت دەرخستم ئێمە چەند هەژارین.

منداڵە ژیرەكان ئەم چیرۆكە پێماندەڵێت: پارە و سامان و كۆشكوتەلار ، سەرچاوەی بەختیاری نیین، بەڵكو سەرچاوی ڕاستەقینەی كامەرانی بریتیین لە: خۆشەویستی، تێكۆشان، دڵنەرمی، ڕاستی، برایەتی،

تێبینی: ئەم چیرۆكەم لە ئینگلیزییەوە كردووە بە كوردی و ناوی نووسەری لەسەر نییە .



به خۆشحاڵیەوه دەمانەوێ ناوبەناو
بڵاوکراوەیەکی تایبەت و هەمەلایەنە،
سەبارەت بە یادەوەری جەنگاوەرە
دێرینەکانی کوردستان بڵاوبکەینەوە،
هەرچەندە لە ڕابردوودا چەندین هەوڵی
تاکلایەنە و بە کۆمەڵیش هەبوون، چ لە
کوردستان و چ لە هەندەران، بەڕای ئێمە
وردەوردە، هاوڕێیان و هەڤاڵانمان، دەچنە
ناوساڵەوە و یادەوەرییەکانی خۆیان لەبیر
دەکەن، یان بەداخەوە بەجێمان دەهێڵن،
هەرچەندە زۆر لەو خۆشەویستانە
توانیویانە، بە هۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان
بەشێک لەو بیرەوەریانەی خۆیان
بنووسنەوە، بەڵام بە لای ئێمەوە، ئەوە
بەس نییە، بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە،
دەستمان دایە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە،
هیوادارین، بێ جیاوازی بیروڕای سیاسی و
ئینتمای حیزبی، لە هەموو لایەنە
سیاسیەکان و هەموو پارچەکانی
کوردستان هاوکاریمان بکەن، بۆ
سەرخستنی ئەم بڵاوکراوەیە. هەوڵ
بدرێت هەرکەسە لە لای خۆیەوە، هەرچی
بە گرنگ دەزانێ تۆماری بکات و ئاگاداری
هەواڵ و زانیاریەکانی ناوخۆ و
دەوروبەرەکەشی بێت.
لەم ژمارەیەوە هەوڵ دەدەین، بە گوێرەی
توانا، هەرچی هەواڵ و چالاکی و زانیاری
گرنگ هەیە، دەربارەی تێکۆشەر دێرینەکان
و جەنگاوەرانی وڵاتانی دنیاش لەم
سەکۆیەوە بڵاوی بکەینەوە.
هەوڵ دەدەین خۆمان بەدوور بگرین لە
ململانێی حیزبی و لایەنداری و گیروگرفت
و قەیرانەکانی ناوخۆی کوردستان.
یاد نامە YADNAMA

## سلێمانی

## شیعری: شێرکۆ بێکەس

سلێمانی نوکتەیەکە هەموو جارێ
گریان سەری ئەکوتێتەوە.
سلێمانی لیمۆی ترشی قسەی
خۆشە
لە دوورەوە ئاو ئەڕژێتە ناودەمی
هەرچی شاری کوردستانە!
سلێمانی "توو"یەکیشە هەموو
ساڵێ
بە مشاری ڕقێکی نوێ ئەیبڕنەوە
ئەو دێتەوە. ئەیبڕنەوە و
جارێکی تر هەر دێتەوە.



یادنامە YADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژووی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234



ژورێک داوای چرایەک و ..
چرایەکە داوای مێزێک و..
مێزەکە داوای دەفتەرێ و ..
دەفتەر داوای قەڵەمێک و..
قەڵەم داوای دەست و پەنجە و ..
پەنجەش
داوای ئازادی کرد ..

شێرکۆ بێکەس

